دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

بنەماڵەی سەرۆکی کوردستانی سوور سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد ٢

سیخوڕەکانی ڕێژیمی ئێران جلوبەرگی پێشمەرگە لەبەر دەکەن ٢

تێکۆشەرانی دێموکرات لە کوردستان بەردەوامن لە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی ٣

ژمارە ٧٥٠، سێشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢١ی مەی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com


وتووێژی دەنگی ئامریکا لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری ٤



دۆن کیشۆتەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ٦


هێزە خۆجییەکانی سپا لە کوردستان ٨


وتووێژی کوردستان لەگەڵ فەرهاد سلێمانپوور ١٠

# مەرگی ڕێژیمی پێ نیشان دەدەن



دانڵد ترامپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣١ بانەمەڕ بە فەرمی ڕایگەیاند: ئەگەر ئێران دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئامریکا هەنگاو بنێت دژکردەوەی جیددیمان دەبێت؛ ئێران هەڵەیەکی گەورە و مێژوویی دەکات ئەگەر لە دژمان بجووڵێتەوە. وتیشی هەڵسوکەوتەکانی ئێران دژ بە ئێمە دوژمنکارانەیە، هەرچەند هیچ نیشانەیەک تا ئێستا لەمبارەوە نەهاتووەتە گۆڕێ بەڵام ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە کۆماری ئیسلامی سەرەکیترین پشتیوانی تێرۆریزمە.

نوێترین لێدوانی ترامپ لەسەر کۆماری ئیسلامی دوای ئەوە هاتۆتە ئاراوە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا شەڕێکی کەلامی دیار لەنێوان لێپرسراوانی هەر دوولا هاتۆتە ئاراوە؛ پێشتریش سەرۆکی ئامریکا گووتبووی: ئەگەر ئێران حەزی لە شەڕ بێت ئەوە کۆتایی فەرمی ئێران دەبێ، باشتر وایە هیچ کاتێک هەڕەشە لە ئامریکا نەکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە وێبسایتی "ئیندێپێندێنت"، ڕۆژی شەممە، ٢٨ی بانەمەڕ، ئاشکرای کرد چەند دیپلۆماتی سەربە بە ئیدارەی فڕۆکەوانیی ئامریکا ڕایانگەیاندووە، ناکۆکییەکانی ئەم دواییانە مەترسین بۆ سەر پیشەی ئاسمانیی نێونەتەوەیی.

پاش پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان تاران و واشینگتۆن، دیپلۆماتە ئامریکاییەکان هۆشدارییان بەو کۆمپانیا فڕۆکەوانییانە داوە کە بە سەر کەنداودا هەڵدەفڕن و باسیان لەوە کردووە، کە ڕەنگە "بە هەڵە" بناسرێن و هێرش بکرێتە سەریان.

ئەم هۆشدارییانە پاش ڕاگەیەندراوی کۆمپانیایەکی بیمەی بریتانیایی، سەبارەت بە مەترسیداربوونی کەشتیرانیی لە ناوچەی کەنداو ڕاگەیەندران.

ئەو نیگەرانییانە سەبارەت بە پیکدادانەکان لە ناوچەکەدا، پاش بەڕێکردنی ناوگانە فڕۆکە هەڵگرەکان و بۆمب هاویژەکان، لە لایەن کۆشکی سپییەوە بوو، کە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەکانی ئێران لە کەنداو جێگیر کراون.

هەر هەمان ڕۆژ "مایک پۆمپێئۆ"، وەزیری دەرەوەی ئامریکا، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی چین و وەلیعەهدی عەرەبستان، سەبارەت بە دۆخی ئێران، لە ڕێگای تەلەفۆنەوە قسەیان کرد کە تێیدا پرسگەلی ئاسایشیی ناوچەکەیان خستە بەرباس و باسیان لە بەهێزترکردنی هاوکارییەکانیان کرد؛ عەرەبستان و ئامریکا و وڵاتانی ناوچەکە، دەسدرێژییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە هۆکاری ئاژاوەگێڕی لە ناوچەکە و جیهان دەزانن، کە بە هۆی ئەم ململانێیە ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر ڕێژیمی ئێران لە ئارادایە.

بارودۆخی ئاماژەبۆکراو و هەروەها شەڕفرۆشییەکانی ڕێژیمی تاران لە ڕۆژانی ڕابردوودا دژ بە ئامریکاییەکان کە زەقترینیان هێرشی مووشەکی بۆسەر ناوچەی سەوز لە بەغدا و جموجۆڵەکانیان لە کەنداو بوو، دەوڵەتی بریتانیای بە فەرمی هێنایە سەر هێڵ کە تێیدا وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەم وڵاتە هۆشداری دایە تاران؛ "جێرێمی هانت"، وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا، لەبارەی هێرشی مووشەکی بۆ سەر ناوچەی سەوز لە عێراق وتوویەتی: "من دەبێت بە ڕێژیمی ئێران بڵێم کە هەوڵی تاقیکردنەوەی ئامریکا مەدەن، چونکە ئامریکا نایهەوێت شەڕ بکات، بەڵام ئەگەر هێرش بکرێتە سەر بەرژەوەندییەکانیان ئەوا تۆڵەی دەکەنەوە، ئەمەش شتێکە کە دەبێت ئێرانییەکان بیزانن و لەبارەیەوە زۆر بە هوشیارییەوە مامەڵە بکەن."

لە دوایین پەیام و لێدوانی ترامپ ڕوو لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەرۆکی ئامریکا وتوویەتی: تەنیا کاتێک پێوەندی پیوە بگرن کە بە تەواوی ئامادە بن لەگەڵیدا وتووێژ بکەن.

لە دوو حەوتووی ڕابردوودا کۆشکی سپی ناوی شەڕکەری ئابراهام لینکۆڵن و چەند ناو و کەشتی شەڕکەر و هەروەها بۆمبهاوێژەکانی B٥٢ی خۆی ڕەوانەی ئاوەکانی کەنداو کردووە و ئەمەش ئەگەری شەڕێکی قورس لە نێوان ئامریکا و ئێرانی زیاتر کردووە.

هاوکات ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی داوای کردووە لە هەر دوو لا کە هەول بۆ زیاتر تەشەنەکردنی ئاڵۆزییەکان نەدەن و نیگەرانی خۆیان لە شەڕە کەلامییەکانی نێوانیان دەربڕیوە.

هەڕەشە و گوڕەشەکانی تاران لە ئامریکا لە کاتێکدایە کە بەوتەی چاودێرانی سیاسی و کارناسانی کاروباری ئێران، کۆماری ئیسلامی لە ئێستەدا لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردایە؛ بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە کەوتووەتە دۆخێکەوە کە ناتوانی تەنانەت پێداویستییە ڕۆژانەکانی خۆی و خەڵکەکەشی دابین بکات، هەروەها درێژەکێشانی تەحریمەکان بەتایبەت لەسەر کەرتی نەوت لە داهاتوودا وا دەکات کە لەو چکەداهاتەش کە هەیەتی بکەوێت. لەمبارەوە فەرهاد سلێمانپوور کارناسی ئابووری بە "کوردستان"ی ڕاگەیاندووە: ئابووریی ئێران لە داکشانەوە(Recession) چووەتە قۆناخی چەقینیی ئابووری(Depression) و بەردەوامی ئەم کێشەیە ئاکامی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیددی بەدواوەیە، لەوانەیە بە هەرەسهێنانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ بێت.

## پەیڤ

## کۆمەڵگایەکی زیندوو و خۆڕاگر

کەریم پەرویزی

وڵاتێک یان نەتەوەیەک کە دەکەوێتە ژێردەستی دەسەڵاتێکی دیکە، لە سەرەتاکانی ئەو ژێردەستەییەدا هەوڵێکی یەکجار زۆر و خوێنێکی فراوان دەدا تاکوو ئەو ژێردەستەبوونە قبووڵ نەکا و ڕێگە نەدا کە دەسەڵاتی داسەپاو بە سانایی پەل بۆ هەموو لایەک بهاوێ و نەک دەسەڵاتی نیزامی بەڵکوو هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتیشی بەسەر نەتەوە ژێرستەمەکەدا بسەپێنێ.

نەتەوەی کوردیش چ لە دەورانی حکوومەتی پاشایەتیی پالەویدا و چ لە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی خومەینییەوە، خوێن و خەباتی زۆری داوە تاکوو ڕێگا بە داسەپینی هەمەلایەنەی دەسەڵاتی ستەمکاری ناوەندی نەدا.

ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، مێژوو هەڵگری لاپەڕە تۆمارکراوەکانی خەباتی نەتەوەی کوردە. هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی نەتەوەی کورد ئەوە بووە کە گەر ڕێژیمی ستەمکاری تاران لەباری هێزی نیزامییەوە بەهێزترە و بە چەکوچۆڵی فراوانی ڕێژیمی پێشوو و هەروەها ئەو چەکوچۆڵانەی بە تازەیی شوێنەکانی دیکە پێیان داوە، توانیویەتی سوپا و لەشکەرە داگیرکەرەکەی لە کوردستاندا بسەپێنێ، بەڵام ڕێگا بە داسەپینی هێژمۆنیی ڕێژیم نەدا.

ڕێژیمی ئیسلامیی تاران، تەنیا تەماحی نیزامیی نەبووە. هەرچەند تەماحی نیزامی و هێرشی لەشکری، سەرەتای داسەپاندنی دەسەڵاتە، بەڵام ڕێژیمی زاڵ هەوڵی داوە کە ئاکامی هێرشە نیزامییەکەی بکا بە سڕینەوەی ئیرادەی کوردستان.

لە ماوەی چل ساڵ لە دوای فەرمانی جەهادی خومەینی بە دژی کوردستان و کورد، تاکوو ئێستاش ئەم ڕێژیمە بە سیاسەت و پیلانی جۆربەجۆر هەوڵی داوە کە کوردستان وەکوو سەرچاوەی دژبەری لەگەڵ ڕێژیمی داسەپاودا نەمێنێتەوە و هەوڵی داوە کە چ بە ڕێگای ئەمنیەتی و چ بە ڕێگای نیزامی و چ بە ڕێگای هرووژمی فەرهەنگی و جینۆسایدی لاوان و شەڕی تریاک و وێرانکردنی ئابووری و درزخستنە کۆمەڵگای کوردستان و ... بە دەیان و سەدان ڕێگای دیکە، بتوانێ سەرکەوتنی کۆتایی بە سەر کوردستاندا ڕابگەیەنێ.

بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خاڵێکی وەرچەرخان و «حەیسیەتی» بووە کە بتوانن ئیرادەی خۆڕاگری لە کوردستاندا تێک بشکێنن. تەنانەت ئەو کەموکووڕی و گرفتە کۆمەڵایەتی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە پرسەی «شێخ سەید جەمیل حوسێنی»دا



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداریی لە پرسەی "شێخ سەید جەمیل حوسێنی"دا کرد.

ڕۆژی سێشەممە، ١٧ی بانەمەڕ، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی "محەممەد نەزیف قادری"، جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی پرسەی "شێخ سەید جەمیل حوسێنی"، لە هەولێردا کرد.

ناوبراو، کەسایەتیی ناسراوی ناوچەکانی سنە و دیواندەرە بوو و شاندی حیزب لەو ڕێگایەوە هاوخەمی و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتیان بە بنەماڵەی ناوبراو گەیاند.

شاندی حیزب، لە لایەن "حاجی سەید مەهدی حوسێنی" کە جێگرەوەی "سەید جەمیل حوسێنی"یە، پێشوازییان لێکرا.

# بنەماڵەی سەرۆکی کوردستانی سوور سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد

بنەماڵەی سەرۆکی کوردستانی سوور سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و خۆشحاڵیی خۆیان بە خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نێوخۆی وڵات دەربڕی.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی بانەمەڕ، بنەماڵە و کەسوکاری وەکیل مستەفایۆف سەرۆکی کۆچکردووی کوردستانی سوور بە سەرپەرەستی خاتوو "دینا موستەفایۆف" وێڕای نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی ئوورووپا، سەردانی حیزبی دێموکراتیان لە شاری هەولێر کرد.

بنەماڵەی وەکیل مستەفا یۆف لە لایەن شاندێکی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی "محەممەد ساڵح قادری" بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

لەو دیدارەدا محەممەد ساڵح قادری بە نوێنەرایەتی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، بەڕێز "مستەفا هیجری" وێڕای بەخێرهێنانی خاتوو "دینا" هاوسەری وەکیل مستەفایۆف و وەڤدی یاوەری، لەهەمانکاتدا هاوخەمی و سەرەخۆشی حیزبی دێموکرات و بەڕێز مستەفا هیجریان بە بۆنەی کۆستی لەدەستدانی وەکیل مستەفایۆڤیان پێی ڕاگەیاند.

لەو دیدارەدا قادری ئاماژەی بە پەیوەندی مێژووی نێوان حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کوردانی دیاسپۆرا بە گشتی و بەتایبەت "کوردستانی سوور" دایەوە و ئەوانی وەک بەشێکی دانەبراو لە خاک و خەڵکی کوردستان پێناسە کرد.

هاوکات قادری ڕۆڵ و کاریگەریی خوالێخۆشبوو وەکیل مستەفا یۆڤی وەک تێکۆشەرێکی خاوەن هەڵوێست و خەباتکار بۆ ناساندنی کوردستانی سوور و مافی کوردەکانی ئەوێ بە گرینگ زانی.

بنەماڵەی سەرۆکی کوردستانی سوور وێڕای سپاس لە پێشوازی و هاوخەمیی حیزبی دێموکرات، خۆشحاڵی خۆیان لەو دیدارە و زانیاری وەرگرتن سەبارەت بە خەباتی پێشمەرگە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە زێدی مێژوویی وەکیل مستەفایۆڤە دەربڕی و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات خواست.

# دیداری ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لەگەڵ نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات



شاندێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی سووریە سەردانی بنکەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە هەولێر کرد.

ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕ، شاندێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی سووریە بە سەرپەرەستیی "نەواف ڕەشید"، سەرۆکی نوێنەرایەتیی ENKS، سەردانی بنکەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە هەولێر کرد و لە لایەن "محەمەدساڵح قادری"، بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، پێشوازییان لێ کرا.

سەرۆکی نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە، "نەواف ڕەشید"، وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتی نەتەوەیی حیزبی دێموکرات و دەربڕینی خۆشحاڵی لەو دیدارە، ئاوڕێکی لە دۆخی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا و هەلومەرجی خەباتی ئەو بەشەی کوردستان دایەوە و هاوکات پرسی سووریە و هەڵوێستی لایەنە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان و ڕوانینی ئەنجومەنی نیشتمانی لەو پەیوەندییەدا خستە ڕوو.

لە درێژەی دیدار و چاوپێکەوتنەکەدا بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، "محەممەدساڵح قادری"، بە خوێندنەوەیەک لە هەڵوێست و ڕوانینی لایەنە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان لە هەمبەر پرسی کورد و هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوین و گۆڕانکارییەکان، ئاوڕی لە سیاسەت و کردەوە تێکدەرانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئەو ڕێژیمە بە نیسبەت ناوچە و جیهان، بەتایبەت پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و دواپێشهاتەکانی ناوچەکە، دایەوە و هەڵوێست و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە هەمبەر سەرجەم پرسە باسکراوەکان خستە ڕوو .

کۆبوونەوە لە نێوان هەر دوو شاندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی سووریە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پێداگری لە پاراستنی پرنسیپە نەتەوەییەکان و پشتیوانی لە خەباتی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان کرا.

# دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات، کۆبوونەوەیەکی بەڕێوە برد



دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات، لە کەمپی "جێژنیکان"دا، کۆبوونەوەیەکی بۆ "لوقمان مێهفەر"، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێوە برد.

لە درێژەی کارەکانی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات، بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی سیاسیی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب، ئەم دەزگایە کۆبوونەوەیەکی بۆ بەشێک لە پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە کەمپی جێژنیکان بەڕێوە برد.

لەم کۆبوونەوەیەدا، "لوقمان مێهفەر"، ئەندامی هەیئەتی ئیجرائیی ناوەندی سیاسی وەک کۆڕگێڕ باسێکی لەژێر ناوی: "کورد چۆن لە بواری حقووقییەوە لە مافی نەتەوەیی بێبەش کراوە؟"، پێشکەش کرد.

ناوبراو لە پێشەکیی باسەکەیدا، ئاوڕێکی کورتی لە مێژووی کورد دایەوە و پاشان لە درێژەی باسەکەیدا لە ڕووی حقووقی نێودەوڵەتییەوە، ئەو مافە نەتەوەییانە شی کردەوە کە کورد لێی بێبەش کراوە. هەروەها باسی لەو بڕیارنامە و پەیماننامانە کرد کە لە هەمبەر کورد لە لایەن زلهێزانەوە لە ڕابردوودا پەسەند کراون.

"لوقمان مێهفەر"، لەم کۆڕەدا باسی لە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات کرد، وەک هێزێک کە هەمیشە گرنگیی تایبەتی بە پرسی نەتەوەیی داوە.

لە کۆتاییی باسەکەشدا، ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی وەکوو درێژەدەری ئەو سیاسەتە نەگۆڕەی حیزبی دێموکرات زانی کە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەدات.

لە دوای قسەکانی ناوبراودا، بەشداربووانیش ڕا و بۆچوونی خۆیان دەربڕی و بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە لایەن "لوقمان مێهفەر"ەوە، کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات.

# بەشداریی وەفدێکی حیزب لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی سەرۆکی کوردستانی سوور



وەفدی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی پێشوازی و بەخاکسپاردنی تەرمی سەرۆکی کوردستانی سووردا، بەشداریی کرد.

ڕۆژی هەینی، ٢٠ی بانەمەڕ، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "محەممەدساڵح قادری"، بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، لە ڕێوڕەسمی گەڕاندنەوەی تەرمی "وەکیل مستەفایۆڤ"، سەرۆکی کوردستانی سوور، کە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخرابوو، بەشداریی کرد.

ڕێوڕەسمی پێشوازی لە تەرمی "وەکیل مستەفایۆڤ"، لە هۆڵی "سەعد عەبدوڵلا"، لە شاری هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان، بەڕێوە چوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا، پەیامی هاوخەمی و سەرەخۆشیی حیزبی دێموکرات بە بنەماڵە و نوێنەری فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆمەڵە کوردییەکانی وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو، ڕاگەیەندرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، حکوومەتی هەرێم، پارلمانی کوردستان، فیدراسیۆنی کوردانی وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو و بنەماڵەی مستەفایوف پێشکەش کرا و دواتر تەرمی مستەفایۆڤ لە نێو کەژاوەیەکی فەرمیدا بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

# چۆنیەتیی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆبوونەوەی لەسەر گیرا



دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات، کۆبوونەوەیەکی لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەڕێوە برد.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی بانەمەڕ، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی خۆیدا، کۆبوونەوەیەکی بۆ "محەمەد ساحیبی"، بەرپرسی دەزگای ئەمنییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهێنا.

"محەمەد ساحیبی" لەو کۆبوونەوەیەدا باسێکی تێر و تەسەلی لەسەر ئەم مژارانە پێشکەش کرد:

- چۆنیەتیی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بردنەسەرەوەی ئاستی زانیارییەکانیان لەو پەیوەندییەدا.
- دڵنیابوون لەو مۆبایلانەی کە بەکاری دێنن و لەو "ئەپ"انەی کە دایدەبەزێنن.
- ئاگاداربوون و نەکەوتنە نێو داوی پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و هتد، کە بە مەبەستی ئاژاوە نانەوە و سەرقاڵکردنی تاکەکان بە خۆیەوە دەکرێت.
- چۆنیەتیی بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلانانەی کە دوژمنەکەمان بۆ شەڕی دەروونی لە دژی ئێمە بە کاری دێنێت.

هەروەها ناوبراو، چەندین پرسی گرنگی دیکەی پەیوەندیدار بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی، پێشکەش بە بەشداران کرد.

دواتر، بەشدارانی کۆبوونەوەکە، ڕا و بۆچوونی خۆیان لەو پەیوەندییەدا دەربڕی و لە کۆتاییشدا کۆڕگێڕ وڵامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە و بە شیکردنەوەی زیاتر لە پەیوەندی لەگەڵ بۆچوونی بەشداران، کۆبوونەوەکەی زیاتر دەوڵەمەند کرد.

# ئاڵمان: حیزبی دێموکرات دژی ڕێژیمی ئێران خەبات دەکات



وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان، هۆشداری بە هاووڵاتییانی دا لە سەفەر بو چەند ناوچەیەکی ئێران و یەک لەوانە کوردستان خۆیان بپارێزن.

لە چوارچێوەی ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتییانی ئاڵمانی لە پێوەندی لەگەڵ سەفەر بو ئەو وڵاتانەی کە ئاسایشیان سەقامگیر نییە، وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان، لە دوایین بەڕۆژکردنەوەی ئەو هۆشدارییانەدا داوای لەو هاوڵاتییانی کردووە، کە بەرنامەی سەفەر بو ئێرانیان هەیە، لە سەردانی چەندین ناوچەی ئێران و لەوانە بەلووچستان، کوردستان و خووزستان خۆ ببوێرن.

لەم هۆشدارییەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە لە ناوچەی بەلووچستان زۆر جار شەڕی چەکداری لە نێوان هێزەکانی ئێران و گرووپە چەکدارە دژبەرەکانی ئێران هاتووەتە ئاراوە و بەردەوامیش تێکەڵچوون ڕوو دەدات.

هەر لەم پەیوەندییەدا، باسی بارودۆخی خووزستانیش کراوە. لەوێدا ئاماژە بە تێکەڵچوون و هێرشی چەکداری و تەقینەوە کراوە کە بەگشتی دۆخی ئەو ناوچەیەی نائەمن کردووە.

لەم ڕاپۆرتەدا، هەروەها باسی باری ئاسایشی کوردستان کراوە و لەو بەشەدا هاتووە، کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینییەوە بە هۆی تێکەڵچوونە یەک لە دوای یەکەکانی هێزە کوردییە دژبەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێزەکانی ڕێژیمی ئێران ئاسایشی کوردستان سەقامگیر نییە.

لەم پەیوەندییەدا باس لەوە کراوە، کە ئامانجی کردەوەی سەربازیی هێزە کوردییەکان، هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئێران و دامودەزگاکانی حکوومەتن و بە هیچ جۆرێک خەڵکی سیڤیل و توریست نەکراونەتە ئامانج.

لە ڕاپۆرتەکەدا بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکرێت، کە ئەو هێزانەی لەگەڵ چەکدارانی ڕێژیم تووشی تێکەڵچوون بوون سەربە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن. ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات، کە بە هۆی ئەو شەڕانەوە کۆمەڵێک چەکداری هەر دوولا گیانیان لە دەست داوە. هەروەها باس لەوەش کراوە، کە بە هۆی تێکەڵچوونەکانەوە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق بە هێزی نیزامی زۆر تەنراون.

# سیخوڕەکانی ڕێژیمی ئێران جلوبەرگی پێشمەرگە لەبەر دەکەن



ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە نوێترین هەوڵی خۆیدا، بە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی شار و شاخ، جلوبەرگی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لەبەر سیخوڕەکانی خۆی دەکات.

سپای پاسداران لە ناوچەی سەوڵاوای مەریوان و ناوچەی ژاوەرۆ، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی شار و شاخ شەوانە هێزەکانی خۆی لە شاخەکانی دەوروبەری سەوڵاوادا جێگیر دەکات.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزەکانی سپای پاسداران بەگشتی جلوبەرگی خاکی واتە جلوبەرگی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لەبەر دەکەن، تاکوو لەم ڕێگایەوە، خەڵکی دڵسۆز فریو بدەن و بتوانن پێشمەرگەکانی شار و خەمخۆرانی حیزب لە نێوخۆ بخەنە نێو داوی خۆیانەوە.

ئەم سەرچاوە ئاگادارە، هەروەها ڕاشیگەیاندووە، کە سپای پاسدارن لە پەهبادی هەوایی واتە فڕۆکەی چوار پەروانەیی کۆنترۆڵدار بۆ چاوەدێریی بەسەر ناوچەکەدا کەڵک وەردەگرێت، کە توانایی ناسینی لە ڕێگەی دووربینی شەو لە مەودای ٣٠٠ تا ٤٠٠ متری هەتا زەویی هەیە.

# تێکۆشەرانی دێموکرات لە شارەکانی کوردستان بەردەوامن لە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغی



پێشمەرگەکانی شار، دژی سپای تێرۆریستی پاسداران چالاکیی بەرینی تەبلیغییان لە گوندەکانی شاری مەریوان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەریوان بە نووسینی پەیامێک بۆ جاشەکان کە لە نێو ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی پاسداران دان؛ هەروەها بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە "بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران" لە گوندەکانی: "چۆڕ و نەنە، شێخە کوێرە، مرگ، بێکەرە، شارانی، نژمار و ڕێگای سنە- مەریوان"چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری بۆکان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەم چالاکییە تەبلیغییانە لەم شوێنانەدا: بلواری دوکتور قاسملوو، پردی تازە هەتا بلواری میاندواو، پردی کۆبانی و بلواری شەمسەدینی بورهان و میراوا، بەڕێوە چوو.

لە درێژەی چالاکییە ئازایانەکانی لایەنگران، پێشمەرگەکانی شار و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباددا، چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو.

نیشتمانپەروەرانی دێموکرات لە ناوچەی مەنگوڕایەتیدا، بە نووسینی درووشمی "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند.

هەروەها بە نووسینی درووشم دژ بە سپای تێرۆریستی پاسداران و بەکرێگیراوان، ڕق و قینی خۆیان لە دژی ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە و چڵکاوخۆرەکان، نیشان دا.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٨ی بانەمەڕ، قارەمانانی دێموکرات، لە گوندی تەنگیسەر و چیاکانی شاری شنۆ، پشتگریی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاسان بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی دەربڕی.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، لە گوندی تەنگیسەر، سەربە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، بە دانانی جامانە و گوڵی هەڵاڵە و بە نووسینی دروشمی "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، "ڕاسان" چالاکیی بەرینی تەبلیغییان، بۆ پشتیوانی لە خەباتی پێشمەرگە و ڕاسان بەڕێوە برد.

هاوکات، تێکۆشەرانی دێموکرات، لە کوێستانەکانی "کانی ڕەش" سەربە شاری شنۆ، بە دانانی جامانە و نووسینی دروشم، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی "تەنگیسەر"دا، چالاکییەکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەم چالاکییەدا کە لە گوندی تەنگیسەری سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە بەڕێوەچوو، پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات کرا و لەگەڵ شەهیدانی حیزب و گەل پەیمان نوێ کرایەوە.

هەروەها نیشتمانپەروەرانی دێموکرات لە گوندی تەنگیسەردا، بە نووسینی درووشمی "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە"، پشتیوانیی هەمیشەیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند.

نیشتمانپەروەرانی دێموکرات لە شاخەکانی کۆسالاندا، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و ڕاسانی خۆرهەڵات، بەڕێوە برد.

درووشمەکانی ئەو چالاکییە بریتی بوون لە: "بژی خەباتی حیزبی دێموکرات، بژی ڕاسان، ڕاسان بەردەوامە و هتد".

پێشمەرگەکانی شار و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لە شارەکانی ورمێ، پیرانشار و بانە پشتیوانیی خۆیان لە پێشمەرگە و ڕاسانی خۆرهەڵات ڕاگەیاند.

لە درێژەی ئەم چالاکییانەدا، ئەندامانی حیزبی دێموکرات، دژ بە سپای تێرۆریستی پاسداران، سەدان تراکت و پۆستێریان لە شوێنە گشتیەکاندا، بڵاو کردەوە.

ئەو شوێنانەی سەر بە شاری ورمێ کە چالاکییان تێدا بەڕێوەچووە، بریتین لە: گوندی "نازلوو، کەرێز، کووریَ و تازەکەند، سەر بە ناوچەی ئەنزەل؛ گوندەکانی سنجی و خرابە، سەر بە ناوچەی کناربەرۆژ و گوندەکانی قرەلر، کۆسە بالۆ و خانقای سوور".

ڕۆژی دووشەممە، ٢٣ی بانەمەر، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوندی "نسڵ"ـی سەر بە ناوچەی شامیان و لە بەرزاییەکانی کوڕەمیانە سەر بە شاری سەوڵاوا بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و ڕاسانی خۆرهەڵات و درێژەپێدانی ڕێبازی شەهیدان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات، بە نووسینی: بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی ڕاسان، شەهید نامرێ، پیشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران دەربڕی.

لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، لە شارەکانی "سنە" و "بانە" و لە گوندەکانی "دەل"، "نسڵ" و "گۆشخانی" و لە شاخەکانی "مێڵەبەوە" و "هەیشوور"، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە بەرزاییەکانی شاری "بانە"دا و هەروەها چالاکیی تەبلیغی لە "ئاویەر"ی شاری سنەدا، لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیمانیان نوێ کردەوە.

هەروەها، دێموکراتپەروەران و پێشمەرگە چاونەترسەکانی شار، لە بەرزاییەکانی شاخی "مێڵەبەوە"، کە سەر بە گوندەکانی "نسڵ" و "گۆشخانی"ـی سەوڵاوایە و پێشتر مەقەڕی حیزبی دێموکرات بووە، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد، بە جۆرێک کە ئەم ئاڵایە لە گوندەکانی "ڕەزاو"، "کەڕاوا" و "مازیبند"ـەوە دەبینرێت.

دڵسۆزانی گەل، تراکت و پۆستێری حیزبی دێموکراتیان لە نێو گوندەکانی "نسڵ" و "گۆشخانی" و لە جادەی سەرەکیی ئەم دوو گوندەدا تاکوو نزیکیی شاری "سەوڵاوا" و گوندی "نیاوا"، بڵاو کردەوە. هەروەها لە جادەی سەرەکیی مەریوان ـ سنە، تابلۆکانی سەر جادەکان بە پۆستێری حیزبی دێموکرات نەخشێندرا.

لە ڕێکەوتی ١٢ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، باڵندەکانی کۆساڵان لە شاخی "مێڵەبەوە"، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کردبوو کە لە لایەن سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە لا برا، بەڵام پێشمەرگە ئازاکانی حیزبی دێموکرات دیسان لە هەمان شوێندا بە هەڵکردنی ئاڵا، پیشانیان دا کە گوند بە گوند، شار بە شار و شاخ بە شاخ، پێشمەرگەکانی شار و شاخی حیزبی دێموکراتیان لێیە.

لەلایەکی دیکەشەوە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی شار لە شاری بۆکان و مەهاباد لە داوێنی چیای "بەردە هەڵو" لە گوندی "ساردە کویستان"دا، سەردانی گڵکۆی ٦ جەنگاوەری خۆرەتاویان کرد.

قارەمانانی دێموکرات بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی نەمرانی مێژوو، سەردانی گڵکۆی شەهیدان: "بایزید نەبەردی، ناسر خزری، سولەیمان نازدار، مینە بیسیم، عەبدوڵڵا ئەمیری، وەستا ئەکرم"یان کرد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات بە دانانی تاجە گوڵی سوور، نوژنکردنەوەی گڵکوی شەهیدان، بەردچین کردنی و دانانی تارای سوور لەسەر گڵکۆی ئەو شەهیدانە، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە کە هەتا سەرکەوتن وەفادارن بە ئامانجی شەهیدان و لەو پێناوەدا خەبات دەکەن.

هەو لەو پێوەندییەدا، لاوانی گوندی "دزلی"ـی مەریوان لەگەل ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە و هاوکات پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپات کردەوە.

هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەهاباد بە نووسینی دروشمی وەک: "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە، بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بژی ڕاسانی ڕۆژهەڵات"، پشتیوانییان لە خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد.

## درێژەی پەیف

و سیاسی و ئابوورییانەش کە لە نێو کوردستاندا هەن، بە سەدان بەرابەر زەقی کردوونەتەوە تاکوو، دەروونی نەتەوەی کورد تێک بشکێنێ.

بەڵام نەتەوەی کورد و ڕۆڵەکانی ئەم گەلە لە ڕێگای جۆربەجۆرەوە ئەوەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە تاکوو گاڵتە بە هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی بکەن. لە مانەوەی ڕۆڵە فیداکارەکانی گەلەوە لە سەر چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە بگرە، تاکوو پێشکەشکردنی لاپەڕەیەک بە زمانی کوردی بە جامانەوە بە تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەو ڕێگا فراوانانە بوون کە نەتەوەی کورد بەم ڕێژیمەی گوتووە : «نا»

سەرکەوتنی نیزامی و لەشکری، سەرکەوتنێکی واقیعی و کۆتایی نییە؛ هەروەک نەتەوەی کورد سەلماندوویە کە تۆپ و تانک و مووشەک و دەزگای داپڵۆسێنەر ناتوانێ ئیرادەی «نا» وتنیان لێ بستێنێ.

## لە ڕۆژانی ڕابردوودا «دەنگی ئامریکا» وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە دواڕەوشی ئێران و کوردستانی ئێران و ئەگەری شەڕ و ڕووخانی ڕێژیمی تاران ئەنجام دا؛ لێرەدا دەقی پرسیار و وەڵامەکانی ئەم وتووێژە دەخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست:




**لە ناوچەکەدا جموجۆڵێکی زۆری لەشکری بەدی دەکرێت؛ ئێران هێزەکانی خۆی خستوەتە حاڵەتی ئامادە باشییەوە، ئامریکا هێزی دەریایی خۆی لە ناوچەکەدا چڕ کردووەتەوە، بە ڕای ئێوە ئەگەری شەڕ چەندە؟**

ـ ئەوەیکە تاکوو ئێستا دەیبینین هەم دەوڵەتی ئامریکا، ترامپ بە تایبەتی و هەم ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران "خامنەیی" هەردووکیان ڕایانگەیاندووە کە نایانهەوێ شەڕ بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زەمینەی شەڕ ئامادەیە بەتایبەتی ئەگەر دیقەتمان کردبێ لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەندێک عەناسوری توندڕەو هەن کە زۆرجاری وایە لە دەرەوەی بەرنامەی حکومەت یان دەوڵەت کارگەلێک دەکەن کە بە دڵی حکومەت نییە و لە ئامریکاش گرووپی هاوکاری ترامپ، گرووپێکی توندڕەون کە لە ڕاستیدا ڕەنگە هی وایان تێدا هەبێ کە پێی ناخۆش نەبێ شەڕێک ڕوو بدا بۆیە هەردووک لا ئامادەییان دەربڕیوە بەتایبەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە پێشتریش ڕایانگەیاندبوو کە ئەگەر گەرووی هۆرمۆز بۆ هاتووچووی کەشتییە نەوتکێشەکان کە ئێران نەوتی پێ ئەگوازێتەوە بەرگری لێ بکرێ ئەوان دەبنە کۆسپ لە سەر ڕێگای هاتوچووی گشتی کەشتییەکان و هەر لەو ڕۆژانەشدا هەندێ حەرەکەتی دنەدەرانەی ئەنجام داوە، وەکوو ئەو کەشتییانەی کە لە بەندەری فۆجەیرە خەساریان بەرکەوت یان ئەو هێرشەی کە حووسییەکان کردوویانەتە سەر دەزگا نەوتییەکانی عەرەبستانی سعودی؛ بە گشتی وەزعیەتەکە وەزعیەتی شەڕە.

**ئامریکا زۆر جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە هەموو ئەو فشارانەی کە دەیخاتە سەر ئێران بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتارەکانی ئێرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕای تۆ ئێران ڕەفتارەکانی دەگۆڕێ؟**

ـ ئەوەی کە تاکوو ئێستا بینیومانە لە ئێران، بەڵێ ئێران ڕەفتارەکانی دەگۆڕێ لە ژێر هێرش، لەژێر مەترسیدا، وەختێک کە مەترسی ئەوەی لەسەر بێت کە حکوومەتەکەی بەرەو ڕووخان بچێ و توانای نەمێنێ، ئێمە لە شەڕی ئێران و عێراق ئەوەمان دیت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای هەڕەشەیکی زۆر لە حکوومەتی عێراق ئەو دەمەی کە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن بوو ئاشتی قەبووڵ کرد هاتە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ سەدام حوسێن و خومەینی ئەو کاتە بە قەولی خۆی جامی ژەهری شکستی خواردەوە، لە قەراردادی بەرجام کە لە زەمانی ئۆبامادا هاتە کایەوە ئەویش بەرنامەیەک بوو کە ئێران زیاتر لە ١٠ ساڵ بوو، ملی بادەدا بۆ ئەوەی کە نەیێتە سەر مێزی وتووێژ بەڵام گەمارۆکان کاتێک کە وەزعی ئابووری ئێرانیان گەیاندە ئەو شوێنەی کە ئیدی هیچ دەرەتانێکیان بۆ ئێران نەهێشتەوە، ملی دا بۆ ئەوەیکە وتووێژ بکا و پێمل بە مەرجەکانیان بوو؛ دیارە ئێستە ترامپ ئەو قەراردادەی هەڵوەشاندووەتەوە بۆیە من لەو باوەڕەدام کە ئەو گەمارۆیانەی ئامریکا دایناوەتە سەر ئێران کە زۆر جیدییە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەربەرینتر دەبێتەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران دێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە هیچ ڕێگایەکی نییە جگە لەوەیکە وتووێژ بکا.

**بە ڕای تۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە پەیامەکەی ئامریکا تێگەیشتووە؟ چۆن؟**

ـ لە پەیامی ئامریکا تێگەیشتووە چوونکە هەر ئەو مەترسیانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەیەتی و ئامادەباش ڕادەگەیەنێ ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی پەیامی ئامریکا حاڵی بووە، ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدا.

**ئەو شەڕە ئەگەر ڕوو بدات چە جیاوازییەکی دەبێت لەگەڵ شەڕی ٢٠٠٣ی عێراق و ڕووخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن؟**

## ئێستا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو ڕووخان ئەچێ بە قازانجیانە کە پشت بکەن لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، چەک دابنێن و بگەڕێنەوە نێو خەڵکی خۆیان تاکوو لەوە زیاتر درەنگ نەبووە و تووشی خەسار و زەرەر نەبوون.

ـ لەو باوەڕەدا نیم کە ئەگەر بێتو شەڕێک بێتە پێشێ وەکوو ئەو شەڕە بێت کە لە سەردەمی سەدام حوسێندا ئامریکا هێزی پیادە کرد لە عێراقدا، من باوەڕ ناکەم وابێ زۆرتر ئەگەر شەڕێکی ئاوا ڕوو بدا، شەڕێکی "نیابەتی" دەبێ بەو هێزانەی کە هاوپەیمانن لەگەڵ ئامریکا و بە تایبەت شەڕی "تێکنیک" دەبێ.

دەمێکە ئێران بە گرینگییەوە باسی

## خەڵکی کوردستانی ئێران سیاسیترە، ڕێکخراوترە، یەکگرتووترە بۆیە ئامادەیی زیاترە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەیکە زەبروزەنگی ڕێژیم و سەرکوتەکان لە سەر خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا زۆرترە لە بەشەکانی دیکەی ئێران.

پیشەسازی لەشکری خۆی دەکا و هەروەها بەرنامە مووشەکییەکەی خۆی، ئێران بە چ شێوازێک و چۆن بەراوردی ئەو توانا لەشکرییەی خۆی لەگەڵ وڵاتێکی وەکوو ئامریکا دەکات؟

ـ پێموابێ ئێرانیش باش شارەزایە بەتایبەت ئەوانەی کە لە کاروباری نیزامیدا کار دەکەن باش شارەزان کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران توانای بەربەرەکانی لەگەڵ ئامریکای نییە، نە لە شەڕی عەسکەریدا و نە لە شەڕی ئابووریدا بەڵام ئەوەندەی کە بۆی بکرێ خۆڕادەگرێ دەنا تواناکەی ئەو توانایە نییە کە بتوانێ لە بەرامبەر ئامریکادا بۆ یەکجاری خۆڕاگری بکا لە هیچ بوارێکدا.

**لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی ناوچەکە، ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی چ بەرنامەیەکی هەیە؟ پرۆژەی ئەوان چییە؟**

ـ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە گشتی دەتوانم بڵێم تاکوو ئێستاش ئۆپۆزسیۆنێکی بڵاوە، یەکگرتوو نییە، بەرنامەیەکی دیاریکراویان نییە و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەیکە ڕێپێوانەکان و مانگرتنەکان و بە گشتی، دەربڕینی دەنگی نارەزایەتی خەڵکی ئێران بە گشتی ئەو جۆرەی کە پێویستە پەرە نەگرێ؛ ئەوە یەکێک لە گیروگرفتەکانە کە خەڵکی ئێران لەگەڵی ڕووبەڕوو بووە و کاریگەری زۆریشی هەیە لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەندەی کە ئۆپۆزسیۆن بڵاو بێ بە قازانجی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

**هیچ وتووێژێکتان لەبارەی ئەم پەرەسەندنانەوە لەگەڵ ئامریکاییەکاندا هەیە؟**

ـ ئێمە وتووێژێکمان لەوبارەوە لەگەڵ ئامریکاییەکاندا نییە .

**دەگوترێت سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نزیکە لەو سیاسەتەی کە ئۆپۆزسیۆنی سوریە بەرامبەر بە کوردەکان گرتییە بەر؛ ئەگەر هاتوو لە داهاتوودا شەڕ ڕووی دا ئێوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەکەن؟ بە چ شێوازێک؟**

ـ هەموو هەوڵی خۆمان داوە کە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بتوانین ڕێگەی پێکەوەسازان و لێک نزیکبوونەوە بگرینە بەر، ئێمە چەند ساڵێکە هاوپەیمانییەکمان هەیە لەگەڵ باقی نەتەوەکانی ئێرانی وەکوو عەرەبەکان، بەلووچەکان، تورک، تورکەمەن، کورد کە بەناوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کار دەکات، لەو هاوپەیمانییەدا ئێمە هەموومان لە سەر ئەو باوەڕەین و تێدەکۆشین بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و پێکهێنانی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵ. لە زستانی ڕابردوودا ئێمە دوای هەوڵێکی زۆر لەگەڵ هەندێک لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی لە ئێئتلافێکی دیکەدا بەشداریمان کرد کە ١٠ حیزب تێیدا بەشدارە؛ ئەویش هەندێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی، نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هەروەها هەندێک لە حیزبەکانی فارس تێیدا بەشدارن و پێکەوە هاوکاری دەکەین لەگەڵ باقی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش کەم و زۆر پەیوەندیمان هەیە بۆ ئەوەیکە بتوانین هاوپەیمانییەکانمان بەربڵاوتر بکەین، بەرینتری بکەینەوە و لە چوارچێوەی مافی نەتەوایەتی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە گشتی ڕێک بکەوین؛ ئەوەش لە سیستمێکی حکوومەتیدا کورت دەکەینەوە کە پێی دەڵێین ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ کە لەو حکوومەتە فیدراڵەدا هەموو نەتەوەکانی ئێرانی بە پێی حەشیمەت و جوغرافیای خۆیان بتوانن لە ئیدارەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان، دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، خۆیان ئیدارەی بکەن، زمانی دایکی ببێتە زمانی سەرەکی لەو شوێنانەدا و بە پێی یاسایەکی دێموکراتیک هەموو ئەو نەتەوانە بتوانن لە بەڕێوەبردنی ئێراندا بەشداری بکەن.

**ئێوە بەرنامەتان چۆنە ئەتانهەوێ چۆن ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ئێران ببنەوە؟ ئامادەسازیتان لەوبارەوە چۆنە؟ هیچ ئاستەنگێک لە پێش ئێوە هەیە؟**

ـ ئێمە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە لە دژی ئەو ڕێژیمە لەحاڵی خەباتدا بووین؛ لە ساڵی ٩٥یشەوە خەباتێکی نوێمان ڕاگەیاندووە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ناوی ڕاسان کە خەباتێکی فرە ڕەهەندە، هەم لەباری عەسکەرییەوە، هەم لەباری مەدەنییەوە کارو تێکۆشانی بۆ دەکەین. بێجگە لەوە ئێمە هەوڵمان داوە لەگەڵ چەند ڕێکخراویی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران لەگەڵ ئەوانیش هاوپەیمانی پێک بێنین کە بە خۆشییەوە دوای ماوەیەکی زۆر وتووێژ و دانیشتن توانیومانە ئەو هاوپەیمانییەمان پێک بێنین بە ناوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە چوار حیزب لەخۆدەگرێ؛ پێکەوە کار دەکەین لە پەیوەندی لەگەڵ کار و تێکۆشان بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ کە لەوێدا کورد و باقی نەتەوەکانی دیکە وەکوو باسم کرد مافی سیاسی خۆیان هەبێت.

کۆمەڵگای کوردی لە ئێران ئامادەکاریان لە چ ئاستێکدایە بۆ ڕاپەڕین لە ئێران؟

ـ ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە بەشەکانی دیکە ئامادەیی هەیە بۆ ڕاپەڕین و بێجگە لەوەیکە لە ڕاپەڕینەکانی ڕابردووشدا بەشدار بووە، ئێستاش ئامادەیی زۆر زیاتری هەیە؛ ڕەنگە هۆیەکەی زۆرتر بگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە لە کوردستان بەپێی سوننەتێکی مێژوویی هەمیشەیی، حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن تێکۆشانیان بووە هەر دەمەی بە شێوەیەک، خەڵکەکە سیاسیترە، ڕێکخراوترە، یەکگرتووترە بۆیە ئامادەیی زیاترە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەیکە زەبروزەنگی ڕێژیم و سەرکوتەکان لە سەر خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا زۆرترە لە بەشەکانی دیکەی ئێران؛ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لەو ئامادەییەی کە لە خەڵکی کورددا دەیبینێ نیگەرانە بۆیە توندوتیژییەکان لەباری ئەمنییەتی و ئابوورییەوە لە کوردستانی ئێران زیاترە لە بەشەکانی دیکە.

**چیت هەیە بۆ ئەو کوردانە یاخود ئەو لایەن و هێزانەی کە نزیکن لە ئێران یانی ئەوان کە چەکی کۆماری ئیسلامی هەڵئەگرن؟ بەشێکیان لەو کوردانە کە چەکی کۆماری ئیسلامی هەڵئەگرن دژی ئێوە دەجەنگن، چیت هەیە بۆ ئەوانە؟**

ـ ئێمە پێشتریش پەیاممان داوە بەو هاووڵاتیانە؛ ئێستاش بانگەوازی من بۆ ئەو خەڵکە ئەوەیە کە ئێستا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو ڕووخان ئەچێ بە قازانجیانە کە پشت بکەن لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، چەک دابنێن و بگەڕێنەوە نێو خەڵکی خۆیان تاکوو لەوە زیاتر درەنگ نەبووە و تووشی خەسار و زەرەر نەبوون هەم لە ئێستادا و هەم لە داهاتوودا.

زۆر زۆر سپاس بۆ بەشداریتانە

سپاس بۆ ئێوەش

# داهاتووی ڕێژیمی ئێران، پشت لە کۆمەڵ و ڕوو لە زۆرداری

کەیوان دروودی



کۆمەڵی سەردەم لەخۆیدا هەڵگری چین و توێژ، ئیتنیک، ئایین، ڕەگەز و باوەڕە جیاوازەکانە و هەر بەو بۆنەشەوە پێویستی بە سەحنەیەکی سیاسیی کراوە هەیە هەتا گشت ئەم گرووپە کۆمەڵایەتییانە بتوانن لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەوە بەدواداچوون بۆ داوا و ویستەکانیان بکەن و هەروەها لەو ڕێگەوە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بپارێزن. لێرەدا چەمکی بەرژەوەندی بە بارێکی مانایی ئەرێنییەوە هاتووە و بەدوورە لە مانای ئۆپۆرتۆنیزم و خۆویستی و دەربڕ و دەرخەری فرەچەشنیی ئاسایی و سروشتی کۆمەڵی سەردەمە.

ڕێژیمە سەرەڕۆکان لەبەر ئەوەیکە خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و پێناسەکراو نین و بێ لەبەرچاوگرتنی داوا و ویستەکان و لە ڕێگەی بەکارهێنانی زەبری هێز، خۆیان بەسەر گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا دەسەپێنن ناتوانن نوێنەرایەتیی "بەرژەوەندییە جیاوازەکان" بکەن کە هەڵبەت ئەم کارە بە هیچ لایەنێ ناکرێ و هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەر ڕەوتێکی سیاسی خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی سنووردار و تایبەت بە خۆیەتی و تێپەڕین لەو سنوورانە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پێکدادانی بەرژەوەندی و کۆمەڵێک لێکەوتەی نالەبار. هەربۆیەش ئەو دەسەڵاتە سەرڕۆیانە کە باسی لێوە کرا، بەردەوام هەوڵ دەدەن کە بە ئاپۆڕەچییەتی و پۆپۆلیزم خۆیان لە بەرەی خەڵک (people) بنوێنن و بێ ناساندنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان و بە بەدەستەوەگرتنی سەرچاوەکانی هێز لە میدیاوە بگرە هەتاکوو هێزی نیزامی سەرجەم جمگەکان مۆنۆپۆڵ بکەن.

وەک لە پێشەکی باسی لێوە کرا، کۆمەڵی سەردەم لە خۆیدا خاوەنی بەرژەوەندیی جیاوازە و دەشێت ئەم بەرژەوەندییە تایبەتییانە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکی گشتیدا تێکهەڵکێش بکرێ و بە سەروەریی یاسا و ئازادیی و نوێنەرایەتیی ڕاستەقینە ڕێگە لە لێکەوتە و دیاردەگەلێکی نێگەتیڤ وەکوو پێکدادانی بەرژەوەندییەکان یان هەڵاواردن و پەراوێزخراوەیی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بگیردرێ.

بەڵام جاروایە حەزی بێسنووری تاقم (کەمینە)_یەک باڵ بەسەر هەموو ڕەهەندەکاندا دەکێشێ و وردەوردە سەرجەم ڕێگە باو و مرۆیی و زانستییەکان دادەخرێ. ئەم حاڵەتە بەپێی بەستێنە کولتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان لە ئاستی جیاوازدا دەردەکەوێ. بەدیوێکیتردا هەتاکوو بەستێنەکانی ئیستبداد زیاتر و بەرچاوتر بێ لەڕووی زەمەنەوە دەسەڵاتی ئیستبدادی درێژخایەنتر و لەڕووی ئۆتۆریتەوە زاڵتر و ڕیشەدارتر دەبێ.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو ڕێژیمانەیە کە خاوەندارییەتی لە میرات و بۆماوەی مێژوویەکی کە لەڕێژ لە ئیستبداد و سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی بێسنووری دەرباری دەکات. بێگومان مێژوو خاوەن دینامیزمی خۆیەتی و نەوە لە دوای نەوە ئەو دینامیزمە لە فۆڕمێکی نوێدا خۆی دەردەخات، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت.

دەسەڵاتەکانی زاڵ بەسەر جوغرافیای ئێران لە ساسانییەوە کە مێژووی نووسراوەی ئێران لەوێوە بە یارمەتیی عەرەبەکان دەسپێدەکات هەتاکوو ئەمڕۆ کە کۆماری ئیسلامیی بەسەریدا زاڵە، هێڵێکی دیاریکراوی هەبووە. کوشتن و لەناوبردنی نزیکترین کەسانی نێو بازنەی دەسەڵات لە خزم و بنەماڵەوە هەتاکوو وەزیر و فەرماندە نیزامی، تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دەسەڵاتەکانی نێو ئێرانە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەگەرچی ئۆتۆریتەی پاوشا زاڵترین دەسەڵات بووە و بڕیاری یەکلاکەرەوەی داوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هیچ کات دڵنیا نەبووە لەوەیکە دەتوانێ ئەم دەسەڵاتە بپارێزێ و زۆربە بە شەقڵی ناو هێزی نیزامی و دەرباریەکان شەخسی پاوشا بە توندوتیژترین شێواز وەلانراوە یان کوژراو و بەند کراوە.

ئێمە بڕگەیەکی ئەوتۆمان نییە کە دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاسایی، باو و بەدوور لە بشێوی دەستاودەست کرابێ و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێگەی پاوشا بەپێی کەسانی ناو بازنەی دەسەڵات نزم یان بەرز بووەتەوە. بەدیوێکیتردا کۆمەڵگە و دەسەڵات خاوەن پەیوەندییەکی ئەوتۆ نەبوونە و گرێدراوییەک لەو نێوانەدا دروست نەبووە. هەر ئەمەش وای کردووە کە لە وێژەی زارەکیدا دوو دەستەواژەی "عەوام" و "خەواص" دیار و بەرچاون. لەلایەکەوە کەمینەیەکی دەسەڵاتدار کە دەسەڵاتی پێشووی وەلا ناوە، دەسەڵاتی هەنووکەی بە دەستەوەیە و چارەنووسی و جۆری دەسەڵات لە داهاتوو دیاری دەکات و لەلایەکیترەوە زۆرینەیەکی ڕەها کە تەنیا پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵات پێدانیماڵیات و پشکی مولووکانەی پاوشا هەبووە.

بە ڕسکانێ کە لە ڕێگەی دینامیزمی کۆمەڵایەتی _ مێژووییەوە هاتە ئاراوە، پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و خەڵک گۆڕانی بەسەردا هات و وەک چۆن حەیاتی سیاسیی دەسەڵاتی سەر ئێران گرێدراوی پەیوەندییە لێکهەڵدووراوە نێودەوڵەتییەکانە، پەیوەندیی "عەوام و خەواس"ی ناو ئەو جوغرافیایەش گۆڕانێکی هاوشێوەی بەخۆوە بینی.

ئەمڕۆ هەر بڕیارێکی دەسەڵات کاریگەریی لەسەر دوورەدەستترین ناوچەکانی نێو ئێران هەیە و هەر بەو ڕادەیەش هەر جۆرە سیاسەتێکی ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئەو جوغرافیایە بەرامبەر بە کۆمەڵگەی جیهانی، شوێندانەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگە هەیە. لەم نێوانەدا ئەوەی زەبری دوولابەری بەردەکەوێت کۆمەڵگەیە کە لە لایەکەوە قوربانیی گەندەڵی و مافیای ئابووری و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەو ڕێژیمەیە و لەلایەکیترەوەش لەبەر ئیزۆلاسیۆنی بڕستبڕی ڕێژیم، زیانی بەرکەوتووە. مانەوە لەنێو ئەم بەرداشەدا تا دێ زیاتر کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دادەنێ و ئەمەش ڕاستەوخۆ بووەتە هۆی کەڵەکەبوونی نارەزایەتی. ڕادەربرینەکانی نێو توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە بەکارهێنەرانی نیشتەجێ لە ئێران تا ڕادەیەک لە ژێر گوشاری هەمەلایەنەدان کە داوای هێرشێکی ڕاستەوخۆی دەرەکی بۆسەر ئەو جوغرافیایە و تێکەوەپێچانی ئەو دەسەڵاتە داسەپاوە دەکەن، بەڵام ڕێژیمی ئێران وەک دەسەڵاتە هاوشێوەکانی خۆی ناتوانێ نە بەرامبەر بە کۆمەڵگە لە ناوخۆ و نە بۆ ناوچە و جیهان گۆڕانێک بەسەر خۆیدا بێنێ و لەبەر ئەوەش یەک ڕێگەی ماوەتەوە ئەویش قوربانی کردنی ڕەوایی و بەکارهێنانی ئەوپەڕی زۆرداری لە ناوخۆ و دنەدانی گرووپە تێرۆریستییە چاو لەدەستەکانی خۆی لە دەرەوەیە؛ بەڵام ئەم کاناڵەی هەڵیبژاردووە وەکوو ئەوەیە کە بۆ چارەسەریی هەزار هەڵەی پێشوو، بۆ جاری هەزارویەکەم بە هەڵەدا بچێ.

شیمانەکان ئەوە دەردەخەن کە لاساریی ڕێژیم لە داهاتوویەکی نزیکدا تەونی کۆمەڵایەتی تێک دەدات و گرانی، نەخۆشیی دەروونی و دیاردە دزێوەکان زیاتر تەشەنە دەکەن و ئاساییە کە ئەمەش کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە و پێدەچێ ڕووبەڕوونەوەی ئەم کاردانەوەیە لەلای ڕێژیمەوە بە پاساوی گەمارۆ و پیلانی دەرەکی توندتر لە جاران بەردەوام بێت.

هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەور و ڕۆڵەی کە بە درێژایی چوار دەیە ئەکتەرێکی لەو ڕێژیمە دروست کردووە کە بۆ هیچ وڵاتێک جێی باوەڕ نەبێت و هیچ هاوپەیمانێکی ئاسایی لە چوارچێوەی ڕووتینە باوە نێونەتەوەییەکاندا لا نەمێنێ و لەڕووی بڕوا و پەیوەندیی ئیستراتیژیکییەوە بە گرووپە تیرۆریستییەکانەوە گرێی خواردبێ. کەوایە ئەم ڕێژیمە جیا لە دارمانی پێگەی ئایدیۆلۆژیک لە ناوخۆ لە ناوچەشدا تەریک کەوتووە. ڕێژیمی ئیسلامی لە داهاتووی گوشارە دەرەکییەکاندا ناچارە ریسکێک بکات یان بەرەوڕووی گوشارەکان ببێتەوە کە ئەمەش ئەگەری پێشێلکردنی بەرجام زۆر زیاد دەکات و لەو حاڵەتەش ئورووپا ناچار دەبێ کە هەڵوێست بگرێ، ئەم هەڵوێست گرتنە لە خۆیدا نزیکبوونەوەیە لە ئەجێندای ئامریکا و کشانەوە لە پاڵپشتیی مانەوەی ڕێژیم لە بەرجام.

کەوابوو پێناچێ کە ڕێژیم ئاڵوگۆڕێکی دڵخوازی کۆمەڵگەی جیهانی لەخۆیدا پێک بێنێ. ئەمەش بە چوونە سەرەوەی ئاستی گوشارەکان لەسەر توندڕەوتربوونی ڕێژیم کاریگەریی دەبێت. لەراستیدا کۆی ئەم تەنگەژەیە ڕێژیم لە بازنەیەکی بڕستبڕتر لە جاران دەورە ئەدات و بەو پێیەش کە لە بنکۆڵ بوونی بنەوانەی خۆی لە ناوخۆ دڵنیایە، هەوڵ دەدات بە سەرکوتی زیاتر لانیکەم ڕێگە لەوە بگرێت کە وەکوو ڕێژیمی مادۆرۆ لەلایەن کۆمەڵگە لە ناوخۆوە بکەوێتە ژێر گوشار. بەدڵنیاییەوە ڕێژیمێک کە لە چوار دەیەدا نەیتوانیوە ئاشتەوایی و ڕەوایی دروست بکات لە ڕۆژە قەیرانلوییەکاندا ئەم توانستەی نابێت، بۆیە تاقەڕێگە بۆ چنینەوەی بەرهەمی چل ساڵ سەرکوت، سەرکوتی دووقات و چەندقاتە. هەربۆیەش دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کە دەسەڵات لەبەر داماوی لە بەرامبەر دەرەوەدا، لەناوخۆوە ئەم داماوییە قەرەبوو بکاتەوە. ڕێژیم لەوە دڵنیایە کە بۆ پێکەوەنانی ناسنامەیەکی نوێ، کاتی ئاسایی یاری کۆتایی پێهاتووە.

# سوپای قودس خاوەنی سەرەکیی وەزارەتی دەرەوەی ئێران

عەلی سۆرانی



لە سەرەتای دامەزراندنی سوپای پاسداران بۆ سەرکوتی هێز و لایەنە ئازادیخوازەکان بە بیانووی پارێزگاریی کردن لە ئینقلابی ئیسلامیی ئێران، ئەم ڕێکخراوە سەرکوتکەر و تێرۆریستییە بە هەموو شێوەیەک وەک ئۆختاپووس پەلی هاویشتووە بو هەموو لایەک و بە تەواوی دەستی بەسەر هەموو جومگەکانی وڵاتدا گرتووە.

ئەم دەزگا ئوختاپووسییە کە لە لایەن دەزگا سیخوری و بەناوبانگەکانی دونیا وەک ئێم ئای سیکس و مووساد پلانی بۆ دڕێژرابوو، زۆری نەخایاند کە توانی هێژمونیی خۆی بەسەر هەموو جوگرافیای ئێراندا زاڵ بکات. ئەمەش ئاسان نەبوو مەگەر لە ڕێگەی لقوپۆ نێوخۆیی و دەرەکییەکانییەوە.

یەک لەم لقانە کە زۆر بەناوبانگە و لەمێژە وەک هێزێکی تێرۆریستیی چاوی لێ دەکرێ، هێزی قودسی سوپای پاسدارانە. ئەم هێزە لە چوارچێوەی ستراتژی دوژمنسازیی کۆماری ئیسلامیی دامەزرا و بۆ بەلارێدابردنی بیروڕای گشتیی لەمەڕ پێوەندییە نهێنیی و شاراوەکانی مووساد و سوپا بۆ زەربەلێدان لە سەددام حوسێن، ناوی قودسیان لەسەر دانا. بەس پێش لە قودس دەبوایە کەربەلا ئازاد کەن؛ بۆیە دروشمی بەناوبانگی "ڕێگەی قودس لە کەربەلاوە تێپەڕ دەبێت" بوو بە ئێستراتێژی سەرەتایی ئەم هێزە تێرۆریستییە، بەڵام ئەرکی ئەم هێزە، پاڵپشتیی لە گرووپە توندئاژۆکان و کاری تێکدەرانە و تێرۆریستی بوو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. هەرچەند لە مەودای شەڕی ئێران و عێراقدا پانتای چالاکییەکانی بەرتەسک بوو بەڵام دواتر و پاش بڕیارنامەی ٥٩٨ پانتای نفوزی خۆی گواستەوە بۆ چوار دەوری ئێران و تەنانەت جوگرافیای دوور لە ئێران.

دەتوانین بڵێین پاش کودەتاکەی ڕەفسەنجانی و خامنەیی لە مونتەزری، ئەم سوپایە زیاتر دەستی ئاوەڵا کرا لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا و لە یەکەمین ساڵەکانی دەسەڵاتداریی خامنەیی بە شێوەیەکی ڕوون بوو بە دیاریکەری سیاسەتی دەرەوە و دەستی کرد بە دەسنیشانکردنی باڵوێز و جێگرباڵوێزانی ئێران لە باڵوێزخانە و نوێنەرایەتییەکانی ئەم وڵاتە لە هەموو ئەو شوێنانەی نوێنەرایەتیان هەبوو، بۆیە سوپای قودس نوێنەرایەتییە دیپلۆماتیکەکانی ئێرانی کرد بە بنکەی سیخوڕی و هەواڵگری و هەروەها پشتە جبهەی تێرۆر لە دەرەوەی ئێران. نموونەی هەرە بەرچاویشیی دەور و ڕۆڵی حاشاهەڵنەگری باڵوێزخانەکانی ئێران لە ئۆتریش و ئاڵمان لە ڕەوتی تێرۆرکردنی ڕێبەرانی کورد، شەهیدان قاسملوو و شەرەفکەندی بە جوانی ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

بە دڵنیاییەوە هەر ئێستا زیاتر لە هەشتا لە سەدی ئەندامان و کارمەندانی ئێران لە باڵۆێزخانە و کونسوولخانەکانی ئەم وڵاتە ئەندامی سوپای قودسن یاخود لەژێر چاوەدێری و بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ سوپای قودس کار دەکەن.

بۆیە لەم قۆناخەدا کە هەموو سوپای پاسداران وەک هێزێکی تێرۆریستی ناسێندراوە و ئامریکا و هاوپەیمانانی بیانووی باشیان بەدەستەوەیە بۆ تەنگهەڵچنین بەم ڕێژیمە، لەوانەیە کارێکی ئەستەم، بەس ئێجگار بە نرخ بێت کە ئۆپۆزێسیونی ئێرانی و تەنانەت هێزە ئازادیخوازە کوردییەکان قۆڵ هەڵماڵن بۆ درکاندن و سەلماندنی ئەم ڕاستییە کە باڵوێزخانەکانی ئێران بنکەی دەرەکیی سوپای قودسن.

هەر چەند لام وایە ئامریکا و ئۆرووپا زۆر لەمبارەوە بەڵگەیان لەبەر دەستدایە. ڕووداوەکانی دانمارک، هۆلەند، بێلژیک و مەقدوونیە و ئالبانی لە ساڵی ٢٠١٨دا بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییەن کە بەشێکی بەرچاو لە باڵوێزان و ئەندامان و کارمەندانی نوێنەرایەتییە فەرمییەکانی ئێران ڕاستەوخۆ فەرمان لە سوپای قودس وەردەگرن. بەس کاری ڕاگەیەنیی و ڕۆشنگەریی لەم بوارەدا بە دڵنیاییەوە دەسکەوتی ئەرێنی بەدواوە ئەبێت.

# دۆن کیشۆتەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

جاقل

مرۆڤ بونەوەرێکە لێوانلێو لە حەز و خولیا و ئاواتی جۆراوجۆر . ناخی ئینسانەکان نەتەنیا بۆ بەرانبەرەکانیان بەڵکوو تەنانەت بۆ خۆیشیان لایەنی شاراوەی زۆری تێدایە کە بە دەگمەن کەسێک دەتوانێ ئیدعا بکات کە بە تەواوی خۆی دەناسێت. سوقرات یەکێک لە دوو دروشمە سەرەکییەکەی، "خۆناسین" بوو کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت وەک گەورەترین پرسیار و خولیای مرۆڤ لە جێگەی خۆیدا کەم و زۆر ماوەتەوە. گومان لەوەدا نییە کە لە باری زمانەوانی و عیلمیدا مرۆڤی ئەم سەردەمە توانیویەتی نیمچە ڕێگایەک لەم ڕێگا دوور و درێژە ببڕێت و پەی بە هەندێ شت ببات؛ بەڵام زۆربەی ئەو شتانە بە هۆگەلی جۆراوجۆر ڕێگایان پێنادرێ لە جیهاندا بڵاو ببنەوە یان ڕێژەی بڵاوبوونەوەیان بەرتەسکە. زۆر جاریش مرۆڤ خۆی حەز لە ڕاستییەکان ناکات و واقعییەتەکانی ژیان ئازاری دەدات بۆیە هەتا ئەو شوێنە بتوانێت خۆی لەو شتانە بە دوور دەگرێت. ژیان بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە واقعییەتێکی حاشاهەڵنەگرە و ئەو ئینسانانەش وا ناتوانن خۆیان لەگەڵ ناخۆشییەکانی ژیان بگونجێنن یان ڕێگای هەڵە بۆ دەربازبوون لەو ڕەنجانە هەڵدەبژێرن بۆ هەمیشە تووشی قەیرانی شوناس دەبن و لە دنیایەکی وەهمیدا تەمەنیان بەرەو کۆتایی دەڕوات. لێرەدا پێویستە مرۆڤی ئاگا و واقعبین ئەو جۆرە کەسانە بناسێت و هەتا دەتوانێ خۆی لەو جۆرە ئینسانانە بپارێزێت. زاناکانی بواری دەروونناسی پێیان وایە مێشکی ئینسانەکان بۆ درێژەدان بە ژیان لە سێ ڕەوتی: خەیاڵ، واقعییەت و سەمبول کەڵک وەردەگرێ . زۆرجار ناهاوسەنگی لە نێوان ئەم سێ ڕەوتەدا مرۆڤ بەرەو ئاقارێکی نادیار دەبات بە جۆرێک کە دەتوانین ئەو ئینسانانە وەک نەخۆشێکی دەروونی سەیر بکەین . هەندێ حاڵەتی ناسرووشتی و ناجێگیر لەو مرۆڤانە بە شێوەی بەردەوام یان جارجار ڕوو دەدات کە باس لە دۆخی خراپی دەروونی ئەو کەسانە دەکات . هەرکات مرۆڤ حەز و ئاواتەکانی لە دونیای واقعیدا نەیێتەدی ناچار پەنا دەباتە بەر دونیای خەیاڵات. بەردەوام مانەوە لە دونیای خەیاڵاتدا جۆرە جیاوازەکانی مالیخولیا و هیستریا و دەیان نەخۆشینی دیکەی دەروونی لێدەکەوێتەوە




کە باسکردنیان لێرەدا مەبەستی ئێمە نییە و لە تاقەتی نووسراوەیەکی وەها کورت بەدەرە . ڕەوتی سەمبولیک هەمیشە بەشێک لە مێژوو و ئوستوورەکانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و تێکەڵ بە دونیای ئەفسانە و خەیاڵی دەکات و هاوکات وەک واقعییەتێک لە پانتایی ژینگە و ژیاندا خۆی دەردەخات و حاشایشی لێ ناکرێ. سەردەمی ئێستا بەهۆی دەسکەوتە عیلمییەکان و شێوەی ژیانی جیاوازی مرۆڤەکان لەچاو سەدەکانی پێشوو سەردەمێکی تاڕادەیەک جیاوازە . سەردەمی تەنیامانەوەی مرۆڤ کە بڵاوبوونەوەی زۆربەی نەخۆشی و گرێکوێرە دەروونییەکانی لێکەوتووەتەوە. مرۆڤێک کە بەردەوام هەوڵدەدات لە خۆی ڕابکات و پەنا نەک بۆ ئینسانەکانی دیکە بەڵکوو بۆ دەسکردە

مەسنوعی و مەجازییەکان دەبات هەتا دەروونی بێ ئۆقرەی ، ئارام بگرێت . ئاشکرایە زۆربەی ئینسانەکان لەم سەردەمەدا ژیانێکی وەها تێپەڕ دەکەن کە بەشی هەرە زۆریان مرۆڤی تەبیعین و حاڵەتگەلی ناجێگیریان تێدا نییە، بەڵام هەندێک کەسیش هەن کە بە نیزیک بوونەوە و کارکردنیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دونیای مەجازیدا ، خۆیان گوزارش لە وەزع و حاڵی خراپی دەروونی خۆیان دەکەن .

دەستڕاگەیشتنی ئاسان و هەرزان و نەبوونی بەربەست بۆ نووسین و ئاخاڤتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ بڵاوبوونەوەی هەندێ قسە و پڕۆپاگاندا کە هەرچەند بە هۆی نادروست بوونیانەوە تەمەنێکی کەمیان هەیە بەڵام لەو ماوە کەمەیشدا

وەک سەمێکی کاتی هەندێ خەسارەت لە سەر بیر و هزری کۆمەڵانی خەڵک بەجێ دەهێڵن . یەکێکی دیکە لە خەسارەتەکانی دیکەی ئەو زار و پەنجە نەخۆشانە ئەوەیە کە زۆر ناخایەنێت کە بە جل و قسەیەکی تازە و لە عەینی حاڵدا دوور لە ڕاستی و هەڵە دێنەوە ساحەی میدیایی و هەمیشە دەبێت وزەیەک بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو چەواشەکارییانە کە زۆرجار لە ناخێکی دۆڕاو و بەزیو و نەخۆشەوە سەرچاوە دەگرێ لە مەیداندا بە شێوەی وریا و ئامادە، بوونی هەبێت هەتا بیروڕای گشتی تووشی سەرلێشێواوی نەبێ . هەرچەند زۆربەی کاتەکان ئەم مرۆڤانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە دوژمنەوە نییە بەڵام ناڕاستەوخۆ لە هێڵی دوژمندا بە دژی نەتەوەکەیان دەدوێن . دوژمن زۆر هاسان

لەم جۆرە کەسانە کەڵک وەردەگرێ و زۆر جاریش ڕاستەوخۆ ئەو جۆرە کەسانە دەکاتە مۆرەی خۆی . بەڕێز لێپرسراوی گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە لێدوانەکانی ماوەیەک لەمەوپێشی خۆیدا ڕەوت و لایەنی واقعبینی لە خەباتدا تاڕادەیەک بۆ هەموو لایەک شی کردەوە . بەڕێزیان بە ئاماژەدان بەوە کە هەموو لایەک دەبێ بەپێی واقعییەتەکان هەنگاو بنێن و زۆر پێویستە کە خۆمان و دوژمنەکەمان و تواناکانی خۆمان باش بناسین. وتی: کە سیاسەت هونەری مومکینە نەک ئاوات و ئارەزووەکان. بەڕێز کاک مستەفا هیجری وتی: کە سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکان دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبە و پێویستە هەموو کەسێک خۆی لە شتە لاوەکییەکان بە دوور بگرێت .

**بێگومان خەڵکی کوردستان فیداکاری و دەسکەوتەکان و شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی کوردستان دەبینن، بۆیە ئەرکی ئەخلاقی و نیشتمانی هەموو لایێکە ڕاگەیاندنی حیزب وەک تەنیا سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری بەکاربێنن و لە سەرنجدان بە دۆن کیشوتەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان خۆیان ببوێرن.**

**ناسینی ئەو کەسانە کە بەناوی پیرۆزی شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەرییەوە بە دروشمی زەبەلاح و بێ بنەما لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەون زۆر گرینگە و لە هەمان حاڵدا خۆدورگرتن لەو کەسانە ئەرکی ئەخلاقی هەموو تاکێکی کورد و بەتایبەت دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.**

ئیدعاکردنی جۆراوجۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ناوی دڵسۆزی و لێهاتووییەوە بۆ ماوەیەک دەتوانێ جێگایەکی لەرزۆک و کاتی بۆخۆی لە ناو دڵی کەسانی ساویلکە و ناواقعبیندا بکاتەوە بەڵام ناتوانێ ئەگەر جلوبەرگ نەگۆڕێ درێژە بە حەیاتی مەجازی خۆی بدات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ کات لە ڕەخنە و تێبینی دڵسۆزانە خۆی بە دوور نەگرتووە . تەنانەت بە باوشی ئاوەڵاوە ئامێزی بۆ لێکدانەوە و ڕادەربڕینی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی ئەساسنامە و پەیڕەوی ناوخۆدا کردووەتەوە. لە سەردەمی ئێستادا کە چارەنووسی نەتەوەی کورد بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت. ناسینی ئەو کەسانە کە بەناوی پیرۆزی شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەرییەوە بە دروشمی زەبەلاح و بێ بنەما لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەون زۆر گرینگە و لە هەمان حاڵدا خۆدورگرتن لەو کەسانە ئەرکی ئەخلاقی هەموو تاکێکی کورد و بەتایبەت دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە . دوژمن بۆ بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان ئەو جۆرە ئینسانانە دەکاتە دارەدەستی خۆی و هەوڵ دەدات جێگای دیمۆکراسی بە بێ سەرەوبەرەیی پڕ بکاتەوە. ئەو جۆرە کەسانە لە جێگەی گەرم و نەرم دانیشتوون و ئاگاهانە یان نەزانانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پەرە بە هەندێ دەنگۆ دەدەن و بە خەیاڵ، پاڵەوانی دوژمن شکێنن لە باری سەمبولیکەوە دۆن کیشۆتی سەردەمی ئێمەن کە لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە دایک بوونەتەوە . ڕاسانی ڕۆژهەڵات هەر لە سەرەتاوە بە خوێندنەوەی دروست و واقعبینانە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەڵگرتووە .

ئەو خەباتە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی خۆیدا بەردەوام ڕوو لە گەشە بووە . بێگومان خەڵکی کوردستان فیداکاری و دەسکەوتەکان و شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی کوردستان دەبینن، بۆیە ئەرکی ئەخلاقی و نیشتمانی هەموو لایێکە ڕاگەیاندنی حیزب وەک تەنیا سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری بەکاربێنن و لە سەرنجدان بە دۆن کیشوتەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان خۆیان ببوێرن .

# ئێمە پێویستمان بە دۆست نییە بەڵکوو دوژمنمان دەوێ!!

شەماڵ تەرغیبی

جۆزێف گۆبلێز وەزیری پڕوپاگەندەی ئادۆڵف هیتلێر بوو؛ ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کاتێک حکوومەت تووشی لاوازی لە مودیرییەت دەبێ و داتەپینی ئابووری ڕوو لە وڵات بکات، شەپۆلێکی سامناک لە ئێعتراز و نارەزایەتی خەڵک بەدوای خۆیدا دێنێ کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ڕووخانی ئەو حکوومەتە. لە وەها حاڵەتێکدا حکوومەت دەبێ بیر و مێشکی بیروڕای گشتی وڵات بەرەو مژار و بابەتێکی لاوەکی ببات کە لە ڕواڵەتدا زۆر گرینگ و بنەڕەتییە و بەمشێوەیە مێشکی تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵ پرسێکی نوێ دەرگیر بکات و بەلاڕێدا ببات؛ بۆ نموونە بۆ وڵات و کۆمەڵگە دوژمنی دەرەکی و نێوخۆیی ساز بکرێت، تەنانەت ئەگەر دوژمنەکەش خەیاڵی و وەهمی بێت چوونکە لە کاتی شەڕ و قەیرانەکاندا خەڵک کێشەکانی

خۆیان و بەشێکی بەرچاو لە ویستەکانیان لەبیر دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ پاراستنی وڵات و ئەمنیەتی وڵاتەکەیان ببنە پاڵپشتی حکوومەتەکەیان؛ بەکورتی دەبێ کارێک بکرێت کە خەڵک هەموویان پێکەوە تەنیا باس لە "دوژمن" بکەن نەک پرسێکی تر!!!

قازانجەکانی ئەم دۆکتۆرینە لەلای شرۆڤەکارانی بواری زانستی سیاسەت بەکورتی بەم چەشنەن:

. دوژمن واتە کەسێک کە ئێوە دەتوانن هەموو لاوازی و کەمکاری و کەمایەسییەکانتانی بخەنە ئەستۆی!

. دوژمن واتە ئەو ئامرازەی کە ئێوە دەتوانن خەڵکی پێ بترسێنن و ناچاریان بکەن بۆ باوەشتان بگەڕێنەوە!

. دوژمن واتە کەسێک کە ئەگەر کارێکتان ئەنجام دا، بەبوونی ئەویش گرینگتر نیشانی بدەن و ئەگەریش بۆتان نەکرا دوژمن بکەنە هۆکاری ئەنجامنەدانی!

. دوژمن واتە کەسێک کە هەر کات پێتان خۆش بوو سووکایەتی پێ بکەن و جنێوی پێ بدەن بێئەوەیکە فیدبەک یان وڵامێک لە دوژمن وەربگرنەوە!

. دوژمن واتە ئەو کەسەی کە بە هۆیەوە مێشکی خەڵکی پێ دەرگیر بکەن تاکوو قەت ئەو ئیزنە بە خۆی نەدات کە داوای مافی خۆی لە ئێوە بکات!

. دوژمن واتە داهۆڵێک کە بەهۆیەوە دەتوانن منداڵە گەورەساڵەکانی پێ بترسێنن!

بە هێنانەوەی ئەم پێناسە و شیکارییانە و بەراوردکردنیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ئێران، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لە ئێران چی تێپەڕیوە؛ خومەینی هەر لە پاش بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ٥٧ وێڕای سەپاندنی شەڕێکیماڵوێرانکەر بەسەر کورد لە کوردستانی ئێراندا، دوژمنایەتی ئاشکرای خۆی لەگەڵ ئیسرائیل و ئامریکا دەربڕی، دواتر چووە فازی شەڕ لەگەڵ وڵاتی جیران و ماوەی ٨ ساڵ لەگەڵ سەدام حسەین شەڕی کرد و دواجاریش بە خواردنەوەی جامی ژەهر کۆتایی پێهێنا، هاوکات عەرەبستان و زۆرێک لە وڵاتانی ناوچە و جیهان کرانە ئەو دوژمنە وەهمییەی کە بەسەر خەڵکی ئێرانیاندا سەپاند. بە درێژایی ئەم ساڵانەش جیا لەو دوژمنە دەرەکییانە، بینیومانە کە ڕێژیم لەڕێگەی ئۆرگانە سەرکووتکەرەکانی وەک سپا، بەسیج، ئیتلاعات و ... خەڵکانی نارازی، چالاکانی ژینگەپارێزی، چالاکانی بواری ژنان و منداڵان و بەگشتی تەواوی ئەو کەسانەی کە لە ئاست مافە زەوتکراوەکانیان دەهاتنە دەنگ بە "دوژمن" یان "ئامرازی دەستی دوژمن" ناوزەد کردووە و ئەگەر دەرەتانی لەنێوبردنی بووبێت حەزفی کردوون دەنا بە زیندانی درێژماوە سزای داون یان لە وڵاتدا دەری کردوون و ناچاری کردوون کە پەڕیوەی دەرەوەی وڵات ببن؛ تەنانەت ئەم کردارانە نەیتوانیوە هەستی سادیسمی ڕێژیم دامرکێنێتەوە و لەنێو خۆیشیدا جاروبار و بۆ چاوترسێن کردنی دەستوپێوەندییەکانی لە خۆدییەکانیشی داوە تاکوو ببێتە پەیامێکی ڕوون بۆ هەموویان کە ئەگەر لەو ڕێڕەوەی بۆتان دیاری کراوە لابدەن دەبنە دوژمن و سزا دەدرێن!!

چێژەر یان تەواوکەری ئەم سیاسەتەش بۆ ڕێژیم بریتی بووە لە کوژاندنەوەی چرای ڕووناکیدەر لە قەڵەمڕەوی گشتی کۆمەڵگا؛ بەو واتایە کە وەک دیکتاتۆرێکی ڕەسەن زیاتر لە هەر شتێک هەوڵی داوە چراکان بکوژێنێتەوە تاکوو تاکەکان یەکتر نەبینن؛ لە وەها تاریکییەکی ئەنگوستەچاودا کە هانا ئارینت بە "سەدەی تاریکی" دەیشوبهێنێت، ئیتر تیشکێک نامێنێت تاکوو تاکەکان یەکتر ببینن و مرۆڤەکان بە "تەنیا" دەمێننەوە، لەم کاتەدایە کە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بەهەموو هەیمەنەی پووشاڵی خۆیانەوە بەرەوڕووی تاکەکان دەبنەوە و ناخۆدییەکان لەنێو دەبەن. تاکەکان بەتەنیا دەمێننەوە، لاواز دەبن، متمانە بە تاکی تەنیشت خۆیان ناکەن و زوو لە داو دەکەون؛ کۆتائەنجامیشی دەبێتە ئەوەیکە کۆمەڵگە لێوانلێو دەبێت لە مرۆڤی فەرمانبەر، سەرداموکاو و پاساوهێنەر کە هیچ زەرەرێکی بۆ دەسەڵاتی ملهوڕ نییە و لە درێژماوەشدا توانای جیاکردنەوەی چاکە و خراپەی لە یەکتر نابێ.

کۆتاقسە ئەوەیە کە دەسەڵاتی تاران لەخۆڕا نییە بەردەوام هەوڵی سازکردن و بەرهەمهێنانەوەی دوژمن دەدات؛ ئەوان لەسەر ئەو وەهمە کار دەکەن کە دوژمنێکی خەیاڵی سەرباری هەموو دەسەڵاتەکانی، فیتنە دەگێڕێ، خەڵک هان دەدات تا بڕژێنە سەر شەقامەکان و مان بگرن و درووشم بدەن، تاکوو حکومەتەکەیان لەنێو ببەن، دواجاریش سەرەداوی هەموو ئەوانە دوژمنە(!). دوژمنی دەوێت تاکوو بە سەرقاڵ کردنی خەڵکانی ئێران و خافڵاندنیان درێژە بە تەمەنی خۆی بدات؛ ئەمە یارییەکی چەپەڵە کە ماوەی ٤٠ ساڵە ڕێژیمی تاران لەگەڵ خەڵکانی ئێران دەیکات.

# حیزبی دێموکرات و هەست و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد




**کیژان ڕۆژهەڵات**

ڕەوتی سیاسی، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و پرۆسەی کۆمەڵایەتیش کات دەبات، حیزبی دێموکراتیش لە کاتی دامەزرانییەوە تا ئێستا، وەک دیاردەیەکی مۆدێرن کۆکەرەوەی هەموو خواستە سەرەکییەکانی کۆمەڵگایە کە هەوڵی داوە ئەوە بکات بە هێز و بێگومان دەستێکی باڵای هەبووە لە سەر پاراستنی پێکهاتە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان و تەکنۆلۆژیی ژیان.

حەز ناکەم ئاماژە بەوەش نەکەم کە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا پرسی کورد بە دەوڵەت دەکرێت و ئەمەش خاڵێکی گۆڕانە لە مێژووی نەتەوەی کوردستاندا تا ئەوکات. حیزبی دێموکرات وەکوو هێزێکی چەکدار، وەکوو هێزێک کە ستەمەکانی دەسەڵاتی داگیرکەر بەرپەرچ دەداتەوە، هەم لە بواری فەرهەنگی و هەم سیاسی و هەم کۆمەڵایەتیشەوە، بە کۆکردنەوەی هەموو ئەم پێکهاتانە بۆ خزمەتی هێز، ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی هەبووە هەروەک لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە کاتی دامەزرانیدا لە بەیانییەیەکدا کە بڵاوی دەکاتەوە، تەوەرەکانی خەبات دژی فاشیزم، خەبات دژی دیکتاتۆری، خەبات بۆ پاراستنی عەدالەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگای ئەوکات کۆمەڵگایەکی فێئۆدال بوو، تۆمار دەکات. تا دواجار لە کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای هەتاویدا و لە ئەساسنامەی هەمان حیزبدا باسی دێموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و...دەکات. هەر ئەم حیزبە بوو کە لە سەرەتاکانییەوە و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە دامەزراندنی ڕێکخراوی ژنان و بانگهێشتکردن و هاندانی ژنان بۆ گۆڕەپانی خەبات، هەوڵی دا بەپێی توانای مادی و مرۆیی خۆی و شارەزاییەکانی بەڕێوەبەران و ئەندامانی حیزب و ڕاگەیاندن و دەسەڵات و ڕەخنەکردنی لە نێو کۆمەڵگای مەدەنییەوە چاوی کۆمەڵگای نێرسالاری ئەوکاتی بەرووی بەشداریکردنی ژنانێک کە تا ئەوکات ژن لەلایان پتر بوونەوەرێکی دیاریکراوی فەلسەفەی مەلاسەدرا و بووعەلی‌سینا و بەس بۆ خزمەتکردنی مێرد و منداڵ و ماڵ بوون، لە ژیانی ئابووری و ڕامیاریی کۆمەڵگادا بکاتەوە، لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات کۆمەڵێک ئەرزشی - وەکوو دێمۆکراسیخوازی، مافی دیاریکردنی چارەنووس، ژینگەپارێزی، دادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنی ئەرزشی "هەیە و نییە" و ... لە بەشی نۆرماتیڤەکەشدا کۆمەڵێک "دەبێ و نەبێ" وەک هەنجاری - بە کۆمەڵگای کوردی تەزریق کرد کە بەرەبەرە و لە پرۆسەیەکی حەفتا ساڵەدا دەبن بە بەشێک لە فەرهەنگی ئێمە، سەرەڕای ئەوەی کە تا ئەوکات تەنیا حیزبەکان گرینگییان بەو ئەرزش و هەنجارانە دەدان و تەنیا بایەخی حیزبییان هەبوو، لەنێو کۆمەڵگای مەدەنی و خەڵکی ئاساییدا پێشوازییان لێ نەدەکرا، بەڵام بە پێی تێپەڕبوونی کات و هەوڵ و پلانەکانی حیزبی دێموکرات بوون بە خاوەنی پێکهاتە، جگە لەوەی کە خۆی ئەو بیرانەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پیادەکردن، هاوکات وەکوو حیزبێک کە دەوڵەتی نەبووە و ڕۆڵی دایکی گێڕاوە، یارمەتیدەر بوو بۆ لەدایکبوون و گەشەکردن و پەرەسەندنی پتری هزری کولتووری و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی، بۆ نموونە حیزبی دێموکرات کە لە کوردستاندا یەکەم حیزبە کە خاوەنی پێکهاتە و ئەساسنامەی فەرمی و دیاریکراوی خۆیەتی، سیستمی سیاسی و پیلاندارشتنی ئەو بوو بە هۆی ئەوەیکە حیزبەکانی دیکە بەچاولێکەری لە ئەو هەوڵ بۆ ئەو گرینگانە بدەن و لە بەرنامەی کار و چالاکییەکانی خۆیاندا دایاننێن.

لەڕاستیدا هەموو ئەو دروشم و ئەرزش و هەستە نەتەوایەتییانەی کە هەموو هێز و تاقم و جڤات و پارتەکانی کوردستان لەوڕۆدا هەیانە، سەردەمی خۆی تەنیا دروشم و بایەخی حیزبی دێموکرات بوون کە ئێستا بوونەتە بایەخی گشتگیر، چونکە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات کە بێگومان بە هەوڵ و چالاکییەکی ماندوونەناسانەوە بەو قۆناغە گەیشتووە، هەمان بوونە کە خەڵک دەیهەوێن و هەروەها کارتێکەرییەکانی ئەم حیزبە تەنیا لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی نەبووە بەڵکوو جۆری سیستمی حیزبیی حیزبەکانی دیکە، کۆپیی شێوەکاری حیزبی دێموکراتە.

خەباتی چەکداری و ڕیشەی ناسیۆنالیزم بێگومان خەباتی چەکداریش یەک لەو هۆیانەی گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتییە، بەتایبەت لە کۆمەڵگای نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کە هیچ ڕێگایەکیتری بۆ چالاکیکردن جگە لەوە نەهێشتووەتەوە، حیزبی دێموکرات لە سەرەتای حەفتاکاندا ناچار بوو واز لە خەباتی چەکداری بهێنێت و ئەمەش هەرچەند لە قازانجی بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد بوو، بوو بە هۆی پاشەکشەیەکی زۆر و گەورە لە ڕۆژهەڵات، بەڵام ئەمە بەواتای وازهێنانی گشتی لە خەبات دژی داگیرکەر نەبوو، بەڵکوو هەر ئەمەش بووە هۆی هەڵمەت و هانابردنی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات و هەروەها چالاکوانان و ڕۆشنبیرانی کورد بۆ کاناڵەکانی دیکە جیا لە شۆڕشی چەکداری. لەم ئاراستەیەدا و لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا دەتوانین ئاماژە بە چەند نموونە سەرچاوەی کارتێکەر بکەین؛

*- کتێبی کوردستان و کوردی شەهید دوکتور قاسملوو *- بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات کە تا ئەوکات و تا چل و پەنجاکانی هەتاوی بەرنامە و ئەساسنامەی ئەوهێندە دارێژراومان نەبووە *- پاشان ئاراستەکردنی مەسەلەی سووسیالیزمی دێموکراتیک لەلایەن شەهید دوکتور قاسملووەوە بۆ ئەوەی کە ڕەوتێکی نەتەوایەتی- کۆمەڵایەتی پێش ببەن، هەموو کارتێکەر وکاریگەر بوون.

جێگای ئاماژەیە کە لە هەموو ئەم پرسانەدا کە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە ئاراستە دەکرێن و دەخرێنە بەر باس، حیزبی دێموکرات بەراورد بە کۆمەڵگا ڕۆڵی پێشڕەوی هەبووە لە پێشبردن و ڕێکوپێککردنی ئەو جەریانانەدا، بۆ نموونە کاتێک باسی "دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" دەکرێ، سەردەمێکە کە خەڵکی کوردستان هێشتا خۆیان بە ئێرانی دەزانن و تازە خۆیان وەک ئێرانییەکی کورد پێناسە دەکەن، کە پاش تێرۆری ڕێبەری هەمیشەزیندووی کورد، دوکتور قاسملوو، ئەو پرۆسەیە دەپچڕێ و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات پرۆسەی ئێرانیبوونیان وەلا ناو و بوون بە ئێرانیی کورد و دواتر پێش و پاشەکە دەگۆڕدرێت و لە ئێراندا و وەکوو دەرهاویشتەیەکی فیکری- مەعریفەیی- جەماوەری کە لە تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و کێشەی میکۆنۆسەوە چێ دەبێت، کورد ئەم جارە دەبێ بە کوردی ئێرانی، ئاساییە کە سەردەمی ڕیفۆرمیزمیش لە ئێراندا کاریگەریی لەو بەخۆهاتنەوەیەدا لەسەر بووە و هەروەها پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا، بەهەمان شێوە ڕەنگە لە حەفتاکانی کۆچی-هەتاوییەوە و بە ئاوێتەبوون لە دیاردە و داتاکانی قۆناغی "لە خەباتی چەکدارییەوە بەرەو خەباتی ڕۆشنبیری" لە ڕۆژهەڵاتدا و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی باشووری کوردستان و بزووتنەوەکانی باکووری کوردستان و... "بەخۆهاتنەوەی نەتەوایەتی" و بەهێزبوون و گەشەکردن و پەرەسەندنی درک و غەرەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پتر لە پێش جێگر دەبێت و حیزبی دێموکراتیش بەپێی دەسەڵات و جێگەوپێگە و کارتێکەریی خۆی توانی لە ڕێگەی کەناڵەکانی خۆیەوە هەستی "بەنەتەوەبوونی کورد" بەرەو پێش بەرێت تا هەشتاکان کە پاشان باسی کورد بە تۆکمە دەست پێ دەکات و لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا کەسانی تایبەتی خۆیان لە "کوردی ئێران بوون" خلاس دەکەن و "سەربەخۆییخوازیی کورد" لە بواری تیۆریکەوە پەیڕەو دەکەن.

# ڕۆڵی گەمارۆکان لەسەر داهاتووی کۆماری ئیسلامی




**هیوا میرزایی**

یەکێك لەو پرسانەی بە مێژووی کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دراوە، پرسی گەمارۆیە و گەمارۆکان بۆ سەر ئێران لە ماوەی ژیانی سیاسی ئەم ڕێژیمە لە هەموو بوارەکاندا جێبەجێ کراوە وەك سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و تەنانەت وەرزشیش. خودی گەمارۆ پەرچەکرداری وڵاتانە لەهەمبەر سەرەڕۆیی و یاخی بوونی وڵاتێك و ئەم یاخیبوونە بەردەوام لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەجێگەی ئەوەی وەك وڵاتێکی بەرپرس لە سیستمی جیهانیدا خۆی ببینێتەوە بەردەوام هەوڵی گێرەشێوێنی و دەستتێوەردانی داوە لە وڵاتانی ناوچە و بەدروستکردنی هێزی نیابەتی و تیرۆریست، بووەتە کۆسپێکی جیددی بۆ ئاشتی و سەقامگیری بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

گەمارۆ یان بایکۆت (boycott) لە زانستی سیاسیدا چالاکییەکی نارەزایەتییە لە شکڵی بەربەست دروستکردن لە ئەنجامدانی کارێك وەك بایکۆتی هەڵبژاردنێك و گەمارۆی ئابووری یان سانکشێن (Sanction)جۆرێک لە سزایە کە بە ئامانجی ناچارکردنی ئەو لایەن و وڵاتەی کە گەمارۆخراوەتە سەری بەمەبەستی ملکەچبوون لە بەرانبەر یاسا ئەنجام دەدرێ وەك گەمارۆکانی سەر ئێران لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە.

مێژوو و شێوازی گەمارۆخستنە سەر ڕەقیب و وڵاتان لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا گەشەی کردووە و شتێکی نوێ نییە و زۆرجار خودی گەمارۆ بۆ پێشگیری ڕوودانی شەڕ کەڵکی لێوەرگیراوە و هەوڵی ئەوە دراوە کە بە تێچوویەکی کەم، لایەن یان وڵاتی ڕەقیب ناچاربکرێ کە خۆی تەسلیم بکا یان ڕازی بێ بە مەرجەکانی لایەنی بەرانبەر و ئەمڕۆ لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان گرینگییەکی زۆری پێدەدرێ؛ ئاوڕدانەوەیەك لە چەند ساڵی ڕابردوو و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان بۆمان دەردەخات کە ئەم سیاسەتە بووەتە مێتۆدێکی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا و لەم پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند نموونەیەك بکەین :

لە ساڵی ٢٠١٦ کاتێك یەکێك لە فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسیە لە لایەن هێزی سەربازی تورکیەوە هێرش کرایە سەری بەجێگەی ئەوەی ڕووسیە بەرپەرچدانەوە سەربازی هەبێ لە گەمارۆ وەك چەکێك کەڵکی وەرگرت لە دژی تورکیە و هەروەها وڵاتی چینیش لە دژی جێگیرکردنی سامانەی موشەکی دروستکراوی ئامریکا لە لایەن کۆرەی باکوورەوە لە وڵامی هەڕەشە موشەکییەکانی کۆرەی باشوور ئەم وڵاتەی کردە ئامانجی گەمارۆی ئابووری و گەمارۆی خستە سەر بواری گەشتیاری و بازرگانی و هۆتێلداری؛ هەروەها لە دوای سەرکەوتنی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٩/٢٥ وڵاتی ئێران سنوورەکانی بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا داخست و گەمارۆی ئابووری و دیپلۆماسی خستە سەر هەرێمی کوردستان.

هەروەك باسکرا گەمارۆ لە سیاسەتی ئەمڕۆی جیهانیدا وەك چەکێك کەڵکی لێوەردەگیردرێ و مەبەست لە گەمارۆ زیاتر بەربەست دروستکردن و ملکەچکردنی وڵاتی بەرانبەرە و خودی گەمارۆکان بۆ گۆڕینی ڕێژیم کارایی نییە و لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە تاکوو ئێستا گەمارۆ بە تەنیا وەك فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە نەیتوانیوە ببێ بەهۆی گۆڕینی هیچ ڕێژیمێك و نموونەی کوبا و عێراق و چەندین وڵات هەن کە بۆ ساڵانێکی زۆر گەمارۆیان لەسەر بووە بەڵام ڕێژیمەکان توانیویانە مانەوەی خۆیان گەرەنتی بکەن و دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی سەدام حسەین لە کۆتاییدا بەشەڕ لە ناوچوو .

ئەوەیکە بۆچی گەمارۆکان ناتوانن ببن بە فاکتەری ڕووخێنەر و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە حکوومەتەکان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست بکەن ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ بێمنەتی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە بە خەڵك، چوون بەپێچەوانەی وڵاتانی دەوڵەتی "ڕفاە" کە ئەوە خەڵکن کە بە هۆی باج وماڵیاتەوە حکوومەت دەژیینن، لە وڵاتانی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەهۆی بوونی نەوت و ژێرخانی ئابووریی دەوڵەمەند ئەوە حکوومەتەکانن کە خەڵك دەژیینن؛ هەروەها نەبوونی دێموکراسی و ترسی لەدەستدانی دەسەڵات لە ئەم حکوومەتانە وایکردووە کە دەنگی خەڵك گرینگی نەبێ و دەسەڵاتداران بێ گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵك درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن هەرچەند بوونی حکوومەتی پۆلیسی و سەرکوتیش دەتوانێ هۆکاری مانەوەی ئەم ڕێژیمانە بێ هەربەو شێوەی کە ئەمڕۆ لە سووریە دەیبینین و بەشار ئەسەد بەهۆی توندوتیژ و یارمەتی بەتایبەت سپای تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی ماددی ئێرانە کە هێشتا لەسەر حوکمە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەر لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە و بە هۆی هەڵسوکەوتی نەشیاو و دوور لە عورفی سیاسی و دیپلۆماسی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران پچڕاندووە و هەوڵی ڕێژیمی ئێران بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی وایکردووە کە گەمارۆی ئابووری بخاتەسەر ڕێژیمی ئێران و ئەم گەمارۆیانە بەردەوام کێشەی بۆ ئابووریی ئێران دروستکردووە؛ لە نوێترین گوشار بۆ سەر ئێران ئامریکا بە تەواوەتی گەمارۆی خستە سەر نەوتی ئێرانی و هەوڵی ئەوە دەدا کە هەناردەکردنی نەوتی ئێران بگەیەنێتە سفر بۆشکە لە ڕۆژێکدا و هەروەها بۆ زەربەلێدان لە ئابووریی ڕێژیم ڕێکەوتی ١٨ی بانەمەڕی ١٣٩٨گەمارۆی خستە سەر پیشەسازییەکانی پۆڵا و ئالۆمنیۆم و ئاسن و مێس لە ئێراندا بەڵام هەروەك باسکرا گەمارۆ ناتوانێ فاکتەری یەکلاکەرەوە بێ بۆ ڕووخانی ڕێژیم؛ ڕەنگە گەمارۆکان ببنە هۆی لاوازی ڕێژیم و ئەگەر حکوومەتێکی بەرپرس هەبێ دۆخی خراپی ئابووریی خەڵك وای لێدەکا کە پێداچوونەوە بە خۆیدا بکا و سیاسەتێکی ئەمڕۆیی بگرێتە بەر بەڵام حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئەو عەقڵیەتەی نییە و ئەم گەمارۆیانە سوورتری دەکا لەسەر سەرەڕۆیی.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئەگەر گەمارۆکان ڕووخێنەر نین ئەدی چ میکانیزمێك توانای پێکهێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە لە ئێراندا؟

پرسی ڕووخانی ڕێژیم و بەگشتی حکوومەتگەلێك لە شێوەی کۆماری ئیسلامی پرسێکی تەکڕەهەندی نییە کە بۆ نموونە تەنیا ڕەهەندی نێوخۆیی دەور بگێڕێ بەڵکوو ڕووخانی ڕێژیم پێوەندی هەم بە ڕەهەندی نێوخۆیی هەیە و هەمیش نێونەتەوەیی کە لە هەردوو بەشدا کێماسی هەیە؛ هەم بەرەیەکی یەکگرتووی نێوخۆیی بوونی نییە و هەمیش لە پێوەندی بە ڕەهەندی نێونەتەوەیی ئیرادە و سیاسەتی گۆڕانی ڕێژیم نەبووەتە سیاسەتی زلهێزان بەڵام جیاوازی چینایەتی و دەوڵەمەندبوونی بەشێکی کەم لە خەڵك و هەژاربوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بەشێکی بەرچاو لە خەڵك خەریکە وردە وردە دەبێتە هۆی شکڵگرتنی نارەزایەتی خۆڕسك لە نێو چینی هەژاری کۆمەڵگا و بە هۆی گوشارە ئابوورییەکان و دارمانی ئابووری چینی بازاری و کارمەندیش بوونەتە بەشێك لەم نارەزایەتییانە و ئەمە لاوازبوونی ڕێژیم لە ڕووی ئابوورییەوە دەتوانێ لە ئێستادا فاکتەری ڕووخانی ڕێژیم بێنێتە گۆڕێ.

# هێزە خۆجێییەکانی سپا لە کوردستان

**شەهلا کاوە**

هەر وەکوو ئاگادارین و لەم دواییانەدا بینیمان وڵاتانی ناوچە و جیهان، بەتایبەت ئامریکا کە لە دەست ئاژاوەگێڕی و دەستێوەردانەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران و لقوپۆکانی لە ناوچەکە و جیهاندا وەزاڵە هاتوون و کاسەی سەبری وڵاتان لە ئاست چالاکییە تێرۆریستی و ئاژاوەگێڕییەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران پڕ بووە، ئەم ڕێکخراوە دژەمرۆییە، لە ڕێکەوتی ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٨ی هەتاوی، چووە نێو لیستی ڕەشی تێرۆریستی وڵاتی ئامریکا.

بەرتەسککردنەوەی هەرچی زیاتری بازنەی چالاکییەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران و گوشاری لەڕادەبەدەری ئامریکا لە گشت بوارەکانەوە بۆ سەر ئەم دامەزراوە تێرۆریستییە، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەگەرچی ئامریکا بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی لەبەرچاوە بەڵام دەتوانێت بەرژەوەندی نەتەوەکانی ئێرانیش لە ڕاستای بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکاندا خۆی ببینێتەوە، ئەمانیش پشکی خۆیانیان بەربکەوێت کە بتوانن لەو هەلە کەڵک وەربگرن بۆ گەیشتن یان نزیک بوونەوە لە مافە نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و هتدی خۆیان.

ئەوەیکە پەیوەندی بە ئێمەی کوردەوە هەیە، مەسەلەی دژبەرانی ئێمەیە لە ناو خۆماندا، با کلیکێک لەسەر هێزە خۆجێی یان باشتر بڵێم هەڵخەڵەتاو و نەفس نزمەکانی کورد بکەین کە بە هەر هۆکار و بیانوویەک بێت خۆیان هاویشتووتە نێو گێژاوی سەرکوتکاری و خەیانەت بە گەل و نیشتمانی خۆیان و دەیانهەوێت گۆڕەپان لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی نیشتمان (پێشمەرگە) تەنگ بکەن و بە پیلانی داڕێژراوی دوژمن دەستیان بە خوێنی خۆشک و برا کوردەکانیان سوور بێت.

ئەم بەشە لە کۆمەڵگای کوردی کە دەتوانین بە سەر چەند دەستەدا دابەشیان بکەین، کاتێک لە گەڵیان دەدوێت یاخود قسەکانیان لە زاری کەسانی دیکەوە بەر گوێمان دەکەوێت، هەر هەموویان باس لەوە دەکەن کە ئێمە هیچ زیانێکمان بۆ خەڵک نەبووە و پێشمەرگەیشمان دیتبێ کارمان پێی نەبووە و تەنیا لەبەر فڵانە هۆکار و ... چەکمان هەڵگرتووە، ئەم تاقمە کاتێک دەبینن گلۆڵەی بەختی ئاغاکانیان ڕوو لە لێژی کەوتووە یاخود دڵیان نایەت دەست لە پارەی چەپەڵی خیانەتکارییان هەڵگرن، یان بە خەیاڵی کاڵفامانەی خۆیان قەت ڕێگای گەڕانەوەیان نییە، دێن قەڵغانێک بۆ خۆیان دروست دەکەن لە بەرانبەر سزای تاوانەکانیان کە نیشتمانپەروەران و پارێزەرانی خاک و نیشتمان بۆیانی دیاری دەکەن، بۆیە زۆر جار پاساوگەلی بێبنەما دێننەوە.

دیارە هەر دیکتاتۆر و داگیرکەرێک کە بیهەوێت بەسەر میللەتێکدا باڵی ڕەشی خۆی بکێشێت، یەکەمین و شوێندانەرترین کارێک کە پێویستە بیکات، درز خستنە نێو چینەکانی ئەو کۆمەڵگا و بە گژدادانی ئەوانە لە نێوان یەکتردا؛ دروستکردن و برەودان بە دیاردەی جاشایەتی و کارکردن لەسەر مێشکی ئەو کەسانەی لە شکۆی سەربەستی و ئازادی و بەهاکانی مرۆڤ تێناگەن، کە بە داخەوە دەبێت ئەوەش قەبوول بکەین کە لەوبارەوە زۆرجار سەرکەوتوو بوونە، لە جاشە کوردەکان کەڵکیان وەرگرتووە بۆ بە کردەوەییکردنی پیلانە چەپەڵەکانیان بە دژی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان و ڕێژیم توانیویەتی برا بە دەستی برا بە شەهیدبوون بدات و دەیان لێکەوتەی نەرێنی دیکە لەو مەسەلەی جاشایەتییە بە قازانجی خۆی تەواو بکات.

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر جاشایەتی بەسەر چەند دەستەدا دابەش دەکەین، یەکەم ئەو نەسڵەی کە لە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بەم عەقڵییەتەوە شوێن ڕێژیم کەوتن، بە سەرنجدان بەوەیکە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگای کوردی موسڵمان و مەزهەبیی و نەخوێندەوار بوون زۆریش لەسەر مەسەلەی ئیسلامەتی هەستیار بوون؛ پێش لە شۆڕش ئەو بارودۆخەی کە لە ئێراندا لە ئارادا بوو، بۆ ئەوان و بیروباوەڕی ئەوان زۆر قورس و نەگونجاو بوو و پێیان وابوو گەندەڵی و بێئەخلاقی و هتد ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێت؛ لەو کاتەیشدا کە خومەینی و دارودەستەکەی ئەو شۆڕشەیان بە تاڵان برد و لەو کەلێنەی کۆمەڵگا کەڵکیان وەرگرت و بە دروشمی حکوومەتی ئیسلامی بیروباوەڕی خەڵکیان بەلاڕێدا برد و ژمارەیەک لەو خەڵکەیان بەناوی بەرەو بەختەوەری و ئیسلامیبوون هەنگاونان فریو دا، ئەو کەسانەش بەڵێنیان بەو ڕێژیمە دا و بە تەما بوون بیر و کرداری نەشیاو و دژەدینی بەتەواوەتی بنەبڕ بێت بۆیە لەوپەڕی نائاگاییدا چەکیان بۆ ڕێژیم هەڵگرت، بە چاوی بەسراوەوە بوونە چاوساغی داگیرکەر لە کوردستان بۆ لەنێوبردنی ڕۆڵەکانی خۆیان و هەروا کە کات تێپەڕی فێر بە نانی سەرشۆڕی بوون، هەڵبەت لە بیرمان نەچێت سەبارەت بەم دەستە و ئەو نەزانییە هەبوو کە حیزبە کوردییەکان دژی دینن و ڕێگا لە عەبادەت و ستایش و بەجێگەیاندنی فەریزە دینییەکانی ئەوان دەگرن و دەیان درۆی دیکەی لەو بابەتە کە ئەو نەسڵەی بەلای ڕێژیمی بەناو ئیسلامیدا کێشا، کە بە خۆشییەوە ئەو نەسڵە نەیتوانی بیرۆکەی گەمژانەی خۆی بۆ نەسڵی دوای خۆی بکاتە ڕێباز و خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە وردە وردە لەوبارەوە ئاگا بوونەوە.

دەستەیەکی دیکە لەو فریوخواردووانە، ئەوانەن کە لە ئاستی کوردایەتی و شۆڕشی کورد و مافە مرۆڤایەتییەکانی هیچ زانیارییەکیان نییە و لەنێو بنەماڵە و نزیکەکانیشیان بیری نیشتمانپەروەری و مافە بنچینەییەکانیان لە مێشکیاندا قەت بە جووڵە نەکەوتووە، هەر بۆ خۆیشیان توانای بیرکردنەوەیان زۆر لاوازە و لە قوتابخانەکاندا پێشنیاری بوون بە بەسیجیان پێ کراوە و ئیمتیازەکانی وەکوو دەرچوون بۆ زانستگە و دامەزراندن لەسەر کار پاش تەواوبوونی خوێندن و پێدانی پارەی زۆر و هتد، پێدراوە؛ ئەم کەسانە زۆر لایان ئاساییە و قەبووڵی دەکەن بە سەرشۆڕی لە بەرەی دژی گەلدا دەژین و دەکەونە ناو ئاماری بەسیجی ڕێژیم کە ساڵانە بڵاوی دەکاتەوە و پێوەی دەنازێت و شانازی پێوە دەکات.

بەشێکی دیکەی ئەوانەن کە بە بیانووی برسییەتی و بێکاری و بە دەستهێنانی بژێوی ژیانی بنەماڵەیان چەکیان هەڵگرتووە بۆ ڕێژیم و بە پاساوی خۆیان کاریان بەکەس نییە و تەنیا نان دەخۆن و چاوپۆشی لە چالاکی نیشتمانپەروەری دەوروبەریان دەکەن و نابن بە چاو و گوێچکەی ڕێژیم لە کوردستان، کورد گوتەنی وەکوو گوێدرێژێک وەهان کە دەیانهەوێت لە هەر دوو لای جۆگەلەکە ئاو بخۆنەوە و لە کۆتاییشدا وەکوو بەرزی بانان دەربچن.

با هەرچەند بە کورتیش بێت چاوێک بە بارودۆخی ئێستای ڕێژیمی ئیسلامی، لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتد، بەتایبەت دامەزراوەی سپا بخشێنین.

لەماوەی خەباتی دوورودرێژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکی و تێکۆشانی ڕۆڵە گیان لە سەردەستەکانی ئەم خاکە، بە دەیان جاش و فریوخواردووی خۆی بوونەتە کۆسپ و لەمپەر و لە دانانی بۆسە بۆ سەر پێشمەرگە، ڕۆڵی سەرشۆڕانەیان هەبووە و وەکوو مێشوولە بە دەوری ڕۆشناییدا ویزەویزیان کردووە، بەڵام حیزبی دێموکرات وەکوو ڕەوتێکی شۆڕشگێڕانە و وەک دۆست و خەمخۆری میللەتەکەی خۆی لە هەموو پرس و بابەتەکاندا هەڵوێست و بیرکردنەوەی لە چوارچێوەی قازانجی گشتیی نەتەوەی کورد و ڕۆڵەکانی بووە و بڕوای بە چارەسەری ژیرانەی کێشەکان هەیە، بە جۆرێک کە کەمترین زیان بەر خەڵکی خۆی بکەوێت، بڕوای وایە تەنیا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دوژمنمانە و لەم ڕاستایەشدا لە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەدا دوایین دەرفەتی داوەتە ئەو تاقم و دەستە خۆجێیانەی کە چوونەتە پێستی دوژمنەوە، چونکە ئەم حیزبە هەمیشە باوەڕی بە چاکسازی و ئاشتەوایی هەبووە و پێی خۆش نەبووە سینگی لاوانی کورد لە بەرەی دوژمندا بە چەکی پێشمەرگە لەتلەت بێت، هەربۆیە ڕوو لەوان دەکات و دەڵێت بگەڕێنەوە بەرەی گەل و خۆیان لەو گێژاوە نەگریسە دەربهێنن، ئەوانەی وا دەستییان بە خوێنی پێشمەرگە سوور نییە و تاوانەکانیان زۆر قورس نییە، تا دێر نەبووە دەتوانن لە شەرم و خەجاڵەتییەی میللەت و ماڵ و منداڵیان بێنە دەرێ و پشت بە پشتی پێشمەرگەکان بۆ وەدەرنانی داگیرکەر و خوێنرێژ تێبکۆشن تا پێکەوە کوردستان پاک بکەینەوە، هەموو ئاماژەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ڕێژیمی ئیسلامی، ڕوو لە ڕووخانە، لەم بارەشەوە هەموو بوارەکان ڕەخساوە ئیتر لە دوای ڕووخانی بە نەگەڕانەوەیان وەکوو تێرۆریستێک و وەکوو ئەوان مامەڵە دەکرێت و هیچ پاساوێک بۆ پەڕینەوەی تێرۆریست قەبووڵ ناکرێت، بەم جۆرە تەنیا کورد زیانی بەر دەکەوێت، حیزبی دێموکرات پێخۆش نییە بەشێک لە جەستەی بچێتە پێستی پیسی دژبەرییەوە.



# ئێکۆتێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان

**کوردستان**

تێرۆریزم کە بە واتای ترساندن، تۆقاندن یان قەتڵی سیاسی دێت بریتییە لە ئامرازێک لە دەستی سیستمە سەرەڕۆکان یان گرووپ و ڕێکخراوە توندئاژۆکان کە بەهۆیەوە هەوڵ بۆ سەپاندنی ئایدیۆلۆژی خۆیان بەسەر کۆمەڵگای جیهانی دەدەن. جۆرەکانی تێرۆر زۆرن کە بەکورتی دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین: تێرۆریزمی مەزهەبی، تێرۆریزمی دەوڵەتی، تێرۆریزمی سیاسی، تێرۆریزمی شیمیایی، نارکۆتێرۆریزم، سایبێر تێرۆریزم، ئێکۆتێرۆریزم و ... کە بەگشتی لە دوو دەستەدا جێ دەگرن: تێرۆریزمی ڕێکخراوەیی و تێرۆریزمی تاکەکەسی.

کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێکە لەو سیستمە سەرەڕۆیانەی ئەمڕۆی جیهان کە بەهۆی باوەڕە ئایدیۆلۆژییەکانی و بۆ چەسپاندنی ویستە کۆنەپەرستانەکانی کەڵکی لە هەموو جۆر و دەستەکانی تێرۆریزم وەرگرتووە و لەم بوارەدا توانیویەتی ببێتە داشداری تێرۆر لە جیهان و ناوچە؛ نەتەنیا وەک ئەنجامدەری تێرۆر بەڵکوو وەک گەورەترین پاڵپشتی تێرۆریزم لە جیهاندا ناسراوە.

خۆرهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو ناوچە و ژینگانە بووە کە کۆماری ئیسلامی لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام کردوویەتە ئامانجی تێرۆرەکانی خۆی؛ هەر لە تێرۆری تاک و کەسایەتییە سیاسییەکانییەوە بگرە تا دەگاتە ئێکۆتێرۆریزم کە هەنووکە بەخەستی و بەچڕی سەرقاڵی بەڕێوەبردنیەتی.

ئێکۆتێرۆریزم چییە؟ ئێکۆتێرۆریزم یان تێرۆریزمی ژینگەیی بریتییە لە هەوڵێکی ڕێکخراو لەلایەن دەوڵەتێک یان کۆمەڵە کەسێکی دیار بۆ لەنیوبردنی ژینگەی ناوچەیەکی دیاریکراو تا بە خەسارگەیاندن بە سەرچاوەکانی ژینگە، ژیانی تاکەکانی ئەو ناوچەیە خەوشدار بکات و لەمانای ژین بەتاڵی بکاتەوە. بەگشتی ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە لە تێرۆریزم بریتین لە: سازکردنی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و لاوازکردنی ئەمنیەت و ئاسایش، سازکردنی هەڕەشە بۆسەر مافەکانی مرۆڤ، لەنێوبردنی بناغەکانی کۆمەلگە و لە هەمووان گرینگتر هەڕەشەکردن لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان!!

لە ساڵانی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی بە سەرفکردنی بودجەی کەلان لە کوردستان، سەرقاڵی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە دژی گەلییە بووە و هەیە؛ هەر لە گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکانەوە بگرە تا وشکاندنی کانی و سەرچاوەکانی ئاو و تالاوەکان، کرمۆڵەکردنی دارستانەکانی زاگرۆس، بڕینەوە و سووتاندنی داربەڕووەکانی کوردستان، گرتن و سزادانی ژینگەپارێزان و چالاکانی ئەم بوارە و ...

کەم شوێنی کوردستان هەیە کە لە ساڵانی ڕابردودا بەرەوڕووی ئەم جینایەتە ئاشکارەی کۆماری ئیسلامی نەبوویێتەوە، هەر لە دارستان و لێڕەوار و لەوەڕگەکانی ئیلام و کرماشانەوە بگرە تا هەوڵدان بۆ وشککردنی کانیبڵ و پیسکردنی زرێبار و سووتاندنی شاهۆ و دارستانەکانی مەریوان و هەورامان بۆ سازکردنی خەڵووز و وشکاندنی گۆلی ورمێ و ... کە لەم ساڵانەدا کرانە ئامانجی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم.

لە نوێترین هەوڵی لەم چەشنەش ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو چەکدارانی سەر بە سپای تێرۆریستی پاسداران بەرزاییەکانی سنووری نەوسوودیان دایە بەر ئاگری قینی خۆیان و خەسارێکی بەرچاویان بە ژینگەی ئەم ناوچەیە گەیاند.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ژینگەی کوردستان ژینگەیەکی لەبار بۆ پرسی ئیکۆتوریزمە بەو مانایە کە بەهۆی هەبوونی پۆتانسیەلە جۆراوجۆرەکان دەتوانێ لەسەر بنەمای ژینگە ڕەنگاڵەکەی سەرچاوەیەکی داهاتی بەهێز بۆخۆی ساز بکات و ببێتە مەکۆیەک بۆ سەردانی گەشتیاران و سەنعەتی توریزم تێیدا گەشە بکات، بەڵام مامەڵەیەک کە ڕێژیمی داگیرکار لەگەڵ کوردستان کردوویەتی مامەڵەیەکی کۆلۆنیالی بووە، بەو واتایە کە کوردستان وەک "مستعمرە"یەک سەیر کراوە و جیا لە خەڵکەکەی، خاک و ئاو و ژینگەکەشی وەک کۆلۆنییەک شوبهێندراوە کە دەبێ لەنێو ببردرێت. بۆنموونە جیا لە سووتاندنی دارستانەکان و هەوڵدان بۆ وشککردنی ڕووبار و کانیاوەکان، جۆرێک لە ژار و سەم ڕادەستی جووتیارانی کوردستان دەکرێت کە لە دنیادا کەڵکوەرگرتن لێیان قەدەغەیە چوونکە بۆخۆیان سەرچاوەی چەندین جۆر نەخۆشی کوشندەی وەک شێرپەنجەکانن. ئەو سەم و ژارانەی کە بە وەرزێڕ و باخدارەکانی کوردستان دەدرێت بریتین لەو سەم و ژارانەی کە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی لەسەر خاک و دار و ڕووەکەکان دەمێنێتەوە و پاش کەڵکوەرگرتنی بەرهەمەکانیان لەلایەن مرۆڤ و ئاژەڵەکان دەبنە هۆی لەنێوچوونی هێواشی ئەم بوونەوەرانە.



لێرەدا دەبێ قامک لەسەر ئەو خاڵە جەوهەرییە دابنین کە کۆماری ئیسلامی بیر لە دواڕۆژی ڕووخانی خۆی دەکاتەوە؛ بیر لەوە دەکاتەوە کە پاش نەمانی خۆیشی شوێنێک یان ژینگەیەک یان جوغرافیایەک بوونی نەبێت کە تاکی کورد تێیدا بحەوێتەوە و لەسێبەری ئەو ئازادییەی کە وەدەستی دێنێت کەڵک لە جوانییەکانی ژینگە و سرووشتەکەی وەربگرێت. بەم پێیە ئەرکی سەرشانی تاک بە تاکی کۆمەلگای کوردستانە کە ژینگەی وڵاتەکەمان بپارێزن، هەر لە دار و دارستان و لیڕەوارەکانەوە بگرە تا دەگاتە ڕووبار و خاک و کانی وکانزاکان؛ ئەمە ئەرکیکی مێژووییە کە کەوتووەتە سەر شانی نەسڵی ئێستەی کوردستان تاکوو شەرمەزاری مێژوو و نەسڵی دوای خۆمان نەبینەوە چوونکە لە ڕاستیدا ئێستە پرسی ژینگە لە کوردستان پرسێکی سیاسییە و ئەگەر ئێمەی کورد لەئاست ئەو قەیرانەی بەرۆکی جوغرافیاکەمانی گرتووە بێدەنگ بین لەراستیدا شوێنێک بەناوی کوردستان نامێنێ تاکوو خەباتی بۆ بکەین.

# گرینگیی شوێنەوارە مێژوویی و فەرهەنگییەکان



ن: نیشتمان
و: هیوا میرزایی

بێگومـان ناسـین و پاراسـتنی شـوناس و ڕۆحـی فەرهەنگـی خەڵکانـی هیـچ نیشتمانێک بە بێ بەرگری لە شوێنەوارە فەرهەنگـی و هەروەهـا شـوێنەوارە بـە جێماوەکان لە سەدەکانی ڕابردوو ئیمکانی نییە. بە پشت بەستن بەم ڕستەیە دەتوانین بڵێیـن کە گرینگترین زەخیـرەی نەتەوەی کـورد، فەرهەنـگ، هونـەر و ڕابـردووی دەوڵەمەنـد و مێژووییەکەیەتـی کـە ئەوانی بە باشترین شێوە بە هەموو جیهان ناساندووە. کەلەپوور یارمەتی ئێمە دەدات کە لە سەر بنەمای شوناسی فەرهەنگی خۆمان کە لە بنەمای ناسـینی نەوەکانی پێشوومان سەرچاوە دەگرێ، داهاتوویەکی دەوڵەمەند چێ بکەین.

شوێنەوارە کەوناراکان و بینا مێژووییەکانی هەر نەتەوەیەك، ڕابردووی ئەم نەتەوەیە بە ئەژمـار دێ کـە بایەخ و گرینگی زۆری هەیـە و هـەر تاکێـك ئەرکـدارە لـە پێنـاو پاراسـتنی ئـەم شارسـتانیەتە چەند هەزار ساڵەدا هەوڵێکی زۆر بدات.

چۆنیەتـی پاراسـتنی شوناسـی مێژوویی لـە شـارە مودێڕنـەکان یـان لـە حاڵـی گەشەسـەندندا، دڵەڕاوکێیەکـە کـە لـە هەمـوو کۆمەڵگاکانـدا بوونـی هەیـە و زۆرجـار ڕوویـداوە کـە هەڵکۆڵینـە نائۆسـوولییەکان و پارێـزگاری نەکـردن لەو شـوێنەوارانەی کە بە هۆی مێژوویی بوونیـان بایەخێکـی گرینگیـان هەیـە، خەسـاری بـە مێـژووی مرۆڤایەتـی لـە بەشـێك لـە جیهـان گەیانـدووە. هـەر لـەم ڕووەوە، بە سـەرنجدان بە قەڵای مێژوویی زێویـە وەك یەکێـك لـە شارسـتانیەتەکانی مانایـی ـ مـادی، هەرچەنـد زنجیرە لێدواندەریـەك لـە پێناو گرینگی پاراسـتن لەم شـوێنەوارە کەونارا و مێژووییە ئەنجام دراوە بـەڵام هەر بەو شـێوە کـە واقێعیەتی مەسـەلەکە دیـارە، ئـەم چالاکییانـە تەنیا بەشـێکی کـەم لـە نیگەرانییەکانـی لـەم بـوارەدا بـاس دەکا و بەشـێکی گـەورە و بنەڕەتـی لەبەرچاو نەگیـراوە. ئەوەیکـە گرینگە ئەمەیە کە خەڵك دەبێ لەهەمبەر گرینگـی پاراسـتنی شـوێنەوارەکان و پارێـزگاری لـەوان وشـیاری زۆرتـر پەیدا بکەن. ئەمە مەسـەلەیەکی حاشاهەڵنەگرە کـە ڕێژیم نەتەنیا پارێزگاری لە شـوێن و بینـا مێژوویـی و کەونـاراکان بـە تایبـەت لە کوردسـتان ناکا، بەڵکـوو لەم ناوچانەدا هەوڵـی لەناوبـردن و کاولکردنـی ئـەم شـوێنەوارانەی داوە. نموونـەی بەرچاوی ئـەم بابەتە کاول و تاڵانکردنی شـوێنەوارە مێژووییەکانـی قـەڵای مێژوویی زێوییە کـە هـاوکات لەگـەڵ بـردن و تاڵانکردنی شـوێنەوار و شـتە مێژووییەکان لەم قەڵایە بەهـۆی هەڵکۆڵینـە نائۆسـوولییەکان و پارێـزگاری نەکـردن لە بنەمـای بیناکان، خەسـارێکی قەرەبوونەکـراوەی بـەم شـوێنەوارە و نۆژەنکردنـەوەی مێژووییـە گەیانـدووە. هەروەها هۆکارگـەل و دیاردە سروشـتییەکانی وەك بوومەلـەرزە، لافـاو، ڕۆچوونـی زەوی و هەروەهـا هـۆکارە مرۆییەکانـی وەك شـەڕ، سـاخت وسـاز و هتد... بووەتە هۆی خەسار و لەناوچوونی شوێنەوارە مێژوویی و شوێنە فەرهەنگیی و کەوناراکان.

هەمـوو ئـەو کەرەسـتانەی کـە بەرهەمـی کۆڵینەوەی زانسـتی و یان نایاسایی بووە، کەرەسـتەی ژێرخاکیـان پـێ دەگوتـرێ، وەکـوو قـاپ و قاچاخـی سـوفاڵی و کانزایی سەردەمە جیاوازەکانی مێژوویی و هەروەها سـکەکانی سەردەمە مێژووییەکان بە پێی یاسـا، هەڵگرتن و کڕین و فرۆش و بردنەدەرەوە ئەم شـتانە بۆ دەرەوەی وڵات نایاسـاییە و ئـەو کەسـەی ئـەم کارە دەکا وەك تاوانبار هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. بەمەبەسـتی پێشـگرتن لـە هێنـان و بـردن و گواسـتنەوەی نایاسـایی خاوەندارێەتـی شـوێنەوارە فەرهەنگـی و مێژووییـەکان لـە شـانزەهەمین کۆبوونـەوەی یونسـکۆ لـە ۱۲ ئۆکتۆبـری ۱۹۷۰ لـە پاریس لـە کۆنوانسـیۆنی پێکهاتـوو لـە ۲٦ مـاددە هێنـان و بـردن و گواسـتنەوەی نایاسـایی خاوەندارێەتی شوێنەوارە فەرهەنگییەکانیان بەپێچەوانـەی ئـەم کۆنوانسـیۆنە زانیوە و ئەرکداربوون کە لە کاتی هاتنی نایاسایی شـوێنەوارە مێژوویـی ـ فەرهەنگییـەکان وڵاتانـی ئەنـدام لەهەمبـەر گەڕانـەوەی شـوێنەوارە دزراوەکان بـۆ ئـەو وڵاتـەی لێـی دزراوە، ئیقـدام بکـەن. هـەر لـەم ڕووەوە وڵاتانـی ئەنـدام لـە سـاڵی ۱۹۹۵ کۆنوانسـیۆنی یونیـروا( ئیتالیا)یان لەهەمبەر بازرگانی نایاسـایی شـتومەکە فەرهەنگی ـ مێژووییـەکان و ڕێگاکانـی خەبات لـە دژی ئەم دیاردەیە لە ئاستی نێودەوڵەتـی لە ٥ بڕگەدا پەسـەند کرد کە دەکرێ ئەمانە بە تەواوکەری کۆنواسیۆنی پێشوو(۱۹۷۰) بزانین.

سـەرەڕای ئەمانە بە سـەرنجدان بە بوونی میراتی مێژوویی پڕبایەخی سەردەمەکانی مانـاکان و مـادەکان کـە لـە دەوروبـەری زێویەی سـەقز، تیکاب و تەختی سولێمان بەداخـەوە ئەم شـوێنانە بەجێگەی ئەوەیکە جێی سەرەنج و کەڵکوەرگرتنی گەشتیاری و جیهانگەردی یان بوون بە جەمسەرێکی ئابـووری بـۆ ناوچەکـە بـن، زۆرجـار وەك سـەرچاوە و ڕێگەیەك بەمەبەسـتی قازانج و تاڵانی ئەم شـوێنەوارانە لەلایەن نەتەنیا کاربەدەسـتان و مۆرەکانـی ڕێژیـم بەڵکوو خەڵکی ناوشیاریشەوە بووە، بەشێوەیەك کە زۆرجـار بینـراوە کە خەڵکانـی قازانجخواز لـەم ناوچانە بەشـێوەی گرووپی پوشـتە و پـەرداخ بـە کەرەسـتەگەلی هەڵکۆڵیـن و کۆڵینـەوە لـە چوارچێـوەی گرووپگەلـی کۆڵینـەوە و مێژووناس یـان خەڵکـی ئاسایی بە بیانووی لێدانی چا، کشتوکاڵ و هتـد... هەوڵـی هەڵکۆڵینی جۆراوجۆر بەمەبەسـتی دۆزینـەوەی گەنجینـە و ژێرخاکییـە مێژووییـەکان، ژێرسـاخت و بینامێژووییەکان کاول دەکەن.

شوێنەوارە مێژووییەکانی ناوچەی زێویە و بە شـێوەی گشتی کوردستان، فەرهەنگ و هونەرێکی دەوڵەمەند و تایبەتیان هەیە و بەداخەوە لە هەر دوو سـەردەمی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامی، لە لایەن مافیاگەلی بەسـتراوە بـەم حکوومەتانـە لـەم ناوچانـە بەتـاڵان براون و لە بـازارە نێودەوڵەتییەکان مامەڵـەی گەورەیـان پێـوە کـراوە و ڕەنگە بـە نرخێکـی زۆر بـە نـاوی وڵاتـان و شارسـتانیگەلی دیکـە تۆمارکـراون. لـە ئێسـتادا زۆریـەك لـە شـوێنەوارە پڕنـرخ و هەڵکەوتـەی شـوێنە مێژووییەکانـی کوردسـتان بۆوێنـە شـوێنەواری کەونارای زێویـە ڕازێنەری گەورەترین و گرینگترین گالێرییـەکان و عەنتیکەخانەکانـی دنیـا وەکـوو لـوور لـە فەرانسـە، بریتانیـا لـە ئینگلیس، ڕمیتاژ لە لێنینگراد و هتد... ە و تەنیـا ژمارەیەکـی کـەم لـە کەرەسـتە ئاڵتوونـی، زێـوی و سـوفاڵی لـە لای ڕێکخـراوی شـوێنەوارە فەرهەنگییەکانی کوردستانە.

نەبوونـی فەرهەنگسـازی و کەمبـوون یـان نەبوونـی وشـیاری خەڵـك لـە هەبووە فەرهەنگی ـ مێژووییەکانی خۆیـان، بنەڕەتیتریـن هـۆکاری تـاڵان و قاچاخی شـتە مێژووییەکانـە و گومانـی خەڵك لە بابـەت دۆزینـەوەی گـەنج و یـەك شـەوە ڕێگەی سەدساڵە ڕۆیشتن لەو گرفتانەی دیکەیـە کـە بەداخـەوە زۆربـەی خەڵـك نازانـن کـە بایەخـی مەعنـەوی و ئـەو زانیاریانەی کە شوێنەوارە مێژووییەکان بە ئێمـەی دەدەن زۆرتـر لـە بایەخـی ماددی ئەوانـە. بەداخـەوە زۆرجـار بینـراوە کـە کەسـەکان لـە چوارچێـوەی گرووپگەلـی چەنـد کەسـی بەڕێکەوت یان بە داڕشـتن و نەخشـەیەکی لـە پێشـدا دیاریکـراو بـە ئامانجـی دۆزینـەوەی ژێرخاکییـەکان و گەنجینـەکان سـەرەڕای مەترسییەکان، هەڕەشـەکان و دژوارییـەکان و سـزاکان، دەست دەدەنە گەڕان و هەڵکۆڵین لە شوێنە دیاریکراوەکان. بە خۆشـییەوە زۆربەی ئەم گەڕان و هەڵکۆڵینانە بە هۆی بەربەستی زۆر کـە لـەم ڕێگـەدا بوونـی هەیـە بـە ئـاکام نـاگا و تووشی شکست دەبێ. سـەرەڕای ئەمەیـش ڕێژەیەکی بەرچاو لە کەسـەکانیش هەن کـە دەگەن بە ئامانجی خراپـی خۆیان و لە دۆزینەوە و دەرهێنانی شـوێنەوارەکان و گەنجینـە مێژووییەکانـدا سەرکەوتوو دەبن و بە یارمەتی دەڵاڵەکان، کارناسـان و قاچاخچییـەکان لـەم بـوارەدا قازانجێکی زۆر بەدەسـت دەهێنن. پێویستە شی بکرێتـەوە کـە ئـەم کەسـانە زۆرجـار لـە لایەن دۆسـتان و شـەریکەکانی خۆیان بەهـۆی جیـاوازی کە لەم بـوارەدا پەیدای دەکەن و بە ئامانجی سـڕینەوە و گەیشتن بـە قازانجـی زیاتـر، گرفتار دەبـن. بەڵام ئەوەیکـە گرینگـە ئەمەیە پشـتە پەردەی هەمـوو ئـەم ڕووداوانە بەتایبەت لە بواری کڕین و فرۆشتن و بردنەدەرەوەی لە وڵات، دەستی مافیا و کاربەدەستان و مۆرەکانی بەرپرسـانی ئیتلاعات و سـپای حکومەت بوونی هەیە کە بە فرۆشتنی ئەم شوێنەوارە پڕنرخانـە لـە بـازاڕە نێودەوڵەتییـەکان و بەدەسـتهێنانی قازانجگەلـی چەنـد میلیاردی دەبنە هۆکاری سەرەکی قاچاخ و تاڵانی ئەم ئاسەوارانە کە بەشی ئەسڵی شارسـتانیەت، فەرهەنـگ، مێـژوو و ڕەسەنایەتی نەتەوەیەکە.

هەربۆیـە بەڕێوەبردنـی بەرنامەگەلێکـی فێـرکاری لـە ئاسـتی گشـتی و تایبەتی پێویسـتە، لەبـەر ئەوەیکـە گەیاندنـی زانیـاری گشـتی و فەرهەنگسـازی لـەم بـوارەدا لـە گرینگتریـن هەنگاوەکان بـە مەبەسـتی پێشـگرتن لـە قاچاخـی کەلوپەلـە فەرهەنگـی ـ مێژووییەکانـە. ئـەم فێرکارییانـە دەتوانێ لـە چوارچێوەی لێدوانـدەری و کۆبوونەوەگـەلی ڕێنمایـی کارناسـانی دەروەسـت و خۆجێـی ناوچـە کەونـار و مێژووییـەکان، ئامووزشـی شێوەی پارێزگاری و چۆنیەتی پاراستنی شـوێنەوار و شـوێنە مێژووییـەکان، ئامووزشـی شـێوەی هەڵسـوکەوتکردن لەگەڵ کەسانی قازانجخواز و قاچاخچی لـەم بـوارەدا، فێرکاری بەربڵاو لە ئاسـتی قوتابخانـەکان، بەڕێوەبردنـی گەشـتی زانسـتی ـ سـەرگەرمی بۆ قوتابییـەکان لـەم شـوێنانە بـە بوونـی ڕێنیشـاندەر و کارناسی پسپۆڕ لەم بوارەدا، ئامادەکردنی بانکـی زانیـاری لـە بـواری شـوێنەکان و شـوێنەوارە مێژوویـی ـ فەرهەنگییـەکان و دابەشکردن و گواستنەوەی ئەم زانیارییانە بـۆ کۆمەڵانـی خەڵـك لـە چوارچێـوەی برۆشـۆرگەل یان وەرزنامەگەلی پێوەندیدار لەم بوارەدا کە هەڵگری زانیاری بەرچاو و هەڕەشـەگەلی جیـددی لەم بوارەدا ئەنجام بدرێ.

هەر بەو شـێوەی کە لە فەسـڵی چوارەمی ئەساسـنامەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لە ژێرناوی سیاسـەتی پارێزگاریـی ژینگـە و پاراسـتنی شـوێنەوارە مێژووییەکانیـش هاتـووە، بناخەکانـی پیشەسـازی گەشـتیاری لـە ناوچـە کەونـاراکان و هەروەهـا پاراسـتنی ئاسـەوارە مێژووییەکانـی ئـەم ناوچانـە و بەرنامەیەکـی گونجـاو و هەمەلایەنـە بـە مەبەسـتی پارێـزگاری و پاراسـتنی ئـەم شـوێنەوارانە دەبـێ دابڕێژرێـت و وادێتـە بەرچـاو کـە ئامـووزش، پێشـگرتن و هەڵسـوکەوتی جیـددی لەگـەڵ تاوانباران و قازانجخـوازەکان لـەم بـوارەدا، دەتوانـێ لە گرینگتریـن و بەکەڵکترین هەنگاوەکان بێ.

لـە بەشـی ئامـووزش، هەربەو شـێوەی کە ئامـاژەی پێدرا، چارەدۆزییە پێویسـتەکان دەبێ لە ئاسـتە جۆراوجۆرەکانی فێرکاری بـۆ منـداڵان و مێرمنـداڵان لـە تەنیشـت وانەدەرسـییەکانی دیکـە، بەرنامـەی تایبـەت یـان بەدەسـتهێنانی شـارەزایی بیـری لێبکرێتـەوە و سـەقامگیرکردنی هەسـتی بەسـتراوەیی بـە شـوێنەوار و ئاسـەوارە مێژوویـی ـ فەرهەنگییەکانـی خۆیـان لـە کەسـەکاندا لـە چوارچێـوەی فێـرکاری و بەرنامەگەلـی بەکەڵـك، هەسـتی بەرپرسـایەتی لـە بەرانبـەر ئـەم پرسـە گرینگـە لـە ئەوانـدا بەمەبەسـتی پاراسـتن و پارێـزگاری لـەم شـوێنەوارانە پێکبهێنـێ و هەروەهـا ئەرکـی سـەرەکی و بنەڕەتـی پاراسـتن و پارێـزگاری لـەم ئاسـەوارانە لە ئەسـتۆی خودی کەسەکانە نـەك دامـەزراوە یان ئۆرگانێکـی تایبەت، لەبـەر ئەوەیکـە هەسـتی بەرپرسـایەتی و بوونی بەسـتراوەیی لەهەمبەر مەسـەلەکان و بەتایبـەت مەسـەلەی نەتەوەیـی، ڕێگە بـۆ کەڵکاژۆوەرگرتـن و قازانجخـوازی کەسـەکان دژوار دەکا و بەجێگـەی ئەوەی هەسـتی خاوەندارییەتـی لـە کەسـەکان دروسـت بـکا، هەسـتی بەرپرسـایەتی و ئەمانەتداری دروسـت و گەشـەی پێدەدا. بێگومـان فێـرکاری لـەم بەسـتێنەدا دەبێ بێ سانسـۆر، گۆڕان و یان بەلارێدابردنی ڕاسـتی و هەقیقەتـە مێژووییەکان لەلایەن کەسـانی شـارەزا و دڵسـۆز لەم بەستێنەدا ئەنجـام بـدرێ. هەرچەنـد لـەم سـاڵانەی ڕابـردوودا بە ڕوونـی بینراوە کە وردە وردە باسـگەلی پێوەندیـدار بـە شارسـتانیەت و حکوومەتـی مـادەکان و پرسـگەلی پێوەندیـدار بـە خەڵکـی کـورد و مێـژوو و جوگرافیـای ئـەوان لە کتێبە دەرسییەکان کـەم کراوەتـەوە و بەشـێوەیەك بابەتـەکان داڕێژراوە کە حەزی خوێنەر ساڕێژ ناکا.

پێشگیری یەکێکی دیکە لەو هەنگاوانەیە کـە لـە بـواری پارێـزگاری و پاراسـتنی ئاسـەوارە کەوناراکان دەتوانێ بەکەڵك بێ، بەشـێوەیەك کـە دانانی کەسـانی جێگەی بـاوەڕ و وشـیاری لـەم بـوارەدا لـە شـوێنە مێژووییـەکان یـان دانـان و کەڵکوەرگرتـن لـە سیسـتمەکانی کونترۆڵکردن، ناسـین و پاراستنی هەمەلایەنەی شوێنە مێژوویی و کەونـاراکان و قەدەغەکردنی کەڵکوەرگرتن و وەبەرهێنانـی کەسـەکان لـە زەوییەکان و ئیمکاناتـی ئـەم ناوچانە لـە چوارچێوەی کشـتوکاڵ، ئاژەڵـداری، بیناسـازی و هتـد... دەتوانرێـت تـا ڕادەیەکـی بەرچاو لـە کەڵکوەرگرتنـی قازانجخوازانـە و کاولکارانە لەم شوێنانە پێشگیری بکرێ. ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ کەسـانی جۆراوجـۆر و قازانجخـواز لـەم بـوارەدا دەتوانێ لە سـەرەتادا بەشـێوەی هەڕەشەی جیددی بێ یان لە کاتی پێویسـتدا گرتن و سزا یاساییەکان بێ.

## فەرهاد سلێمانپوور:

# ئابووریی ئێران لە داکشانەوە چووەتە قۆناخی چەقینیی ئابووری و بەردەوامیی ئەم کێشەیە ئاکامی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیددی بەدواوە هەیە، لەوانەیە بە هەرەسهێنانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ بێت



دوایین بارودۆخی ئابووریی ئێران لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا ڕەوشی ژیان، گۆڕانی پۆزەتیڤ بەخۆیەوە دەبینی یان بەپێچەوانەوە هەروا بەرەو داکشان دەچێت؟ بۆچی کوردستان لە دوایین پلەکانی خراپی باری ئابووریدا جێی گرتووە؟ ئەمانە و چەند پرسیارێکی دیکەی هاوشێوەمان ئاراستەی بەڕێز "فەرهاد سلێمانپوور" چاودێر و کارناسی کاروباری ئابووریی ئێران کردووە کە لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان":

**• ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە ڕێژەی هەژاری لە ئێران ڕایگەیاند کە ٢٣ تا ٤٠ لەسەدی دانیشتوانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدان. ئەم ئامارە کە لەخۆیدا مەترسیدارییە، دەرخەری کەتوارەکانی کۆمەڵگەیە؟ یان ئەم ئامارە ناڕاستە؟**

هێڵی هەژری ٣ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار تمەن دیاریی کراوە، داهاتی ٥٥٪ی خەڵکە ئێرانیش لە خوارەوەی ئەم هێڵەیە، واتە لە ٨٢ میلیۆن کەسی ئێران زیاتر لە ٤٠ میلیۆن کەوتوونەتە خوار هێڵی هەژارییەوە. کەوابوو ئامارەکە ڕاست نییە، خۆ ئەگەریش ڕاست بێت، دەرخەری دۆخی نالەباری ئابووری و ژیانی کولەمەرگی زۆرینەی خەڵکە. واتە زۆرینەی خەڵک ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان دابین بکەن، یان وزەی ڕۆژانەیان کەمترە لە ٢١٠٠ کەلەری. ئەوەی کە ڕێژەی گەشەی ئابووریی ئێران نێگەتیڤە و کەشەکە بۆ وەبەرهێنان لەبار نییە و نرخی شمەک هەر هەڵدەکشێت، ڕێژەی هەژاریی هەر زیاتر ئەبێت. داهاتی نەوت زۆر کەم بووتەوە و داهاتی ئێران بەشی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناکات، و لەو لاشەوە سپای پاسداران و تۆڕەکانی دەورووبەری پێویستییان بە پارە هەیە، لەم دۆخەی ئێستادا کە هیچ پاشەکشەیەک بە کۆماری ئیسلامییەوە دیار نییە، بارگرانییەکە تەنیا دەکەوێتە سەر شانی خەڵک و خەڵک زیاتر بێکار دەکا و بەرەو هەژاریی زیاتریان دەبات. تاکە چارەسەریی هەژاریی، ڕەخساندنی هەلی کارە، ئەمەش پێویستی بە وەبەرهێنانی ناوخۆ و دەرکیی هەیە، بۆ وەبەرهێنانیش پێویستە کەشی ئابووری بۆ وەبەرهێن جێی متمانە بیت کە لە ئێستا ئەوە بەدی ناکرێت. کێشەی ناوخۆی و هەرێمی و ململانێ لەگەڵ دەرەوە، دەرفەتی وەبەرهێنان و فەزای کاروکاسبی لەبار بردووە بۆیە هەژارییەکە زیاتر دەبێت.

**• بەپێی هەلومەرجی ئێستای ئێران، ئەگەری ئەوە هەیە هاوشێوەی سالانی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق ڕێژیم کەڵک لە کۆپۆن وەربگرێت و شتومەکی ئەساسیی بە سەر خەڵکدا دابەش بکات. ئەگەر ئەم گەلالە پەسند بکرێت و بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، تا چەند دەتوانێ یارمەتیدەری گوزەرانی خەڵکی ئێران بێت؟**

سیستەمی کۆپین (coupon) یان جیرەبەندی (rationing) لە بنەڕەتدا هی ئەو ئابوورییانەیە کە نەخۆشن، زیاتر لە وڵاتانی کۆمۆنیستیدا بەکاردەهێنرا بۆ ئەوەی خەڵک بە یەکسانی شمەکی بەر بکەوێت. لە سەرەتای دەیەی ١٣٦٠ لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق کۆپین بەکارهێنرا و لە ١٣٩٠ کۆتایی پێهات و یارانە دانرا. تا کۆتاییپێهاتنی ١٣ جار بەرگەی کۆپین بڵاو کراوە. ئێستا دیسان دەیانهەوێ یارانە هەڵبگرن و کارتی کۆپینی ئەلیکترۆنی دابنێنەوە. بڕیار وایە بەپێی ژمارەی خێزان دابەش بکرێت، بە خێزانی سەر بە کۆمیتەی ئیمداد و سالانە سێ یان چوار جار پڕ (شارژ، بارگاویی) بکرێت و، چەند شمەکێکی پێویستی وەک گۆشتی مریشک و سوور، قەند و ڕۆن و شەکر ... دەگرێتەوە. لایەنێک ئەڵێت با هەر یارانە بێت و لێی گەڕێن نرخ ئازاد بێت واتە بەپێی بازاڕ بێت و حکوومەت هیچ تێچوونێکی تر نەکات. لە یارانەدا ڕاستەوخۆ پارە بە خەڵک دەدرا، بەڵام لە کۆپیندا شمەک دەدرێت.

ئەمان لە جیاتی ئەوەی بێن لە بنەڕەتدا کێشەکانی ئابووری چارەسەر بکەن، کەچی دێن کۆپین بڵاو دەکەنەوە یان یارانە ئەدەن، ئەم دووە وەک ئەنتیبیوتیک (مسکن، ئازارشکێن) وایە کە بۆ ماوەیەکی کاتییە بەڵام دەردەکە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، وەک دیتمان یارانەیان دابەش کرد، چی لە دۆخەکە گۆڕی، هیچ. تا ئێستا نازانن خەڵکی نیازمەند کێیە، لە یارانەدا بە دارا و نەداریان دەدا، لەمەشدا دەیانهەوێ بە خەڵکی سەر بە کۆمیتەی ئیمدادی بدەن کە نزیکەی ١٠ میلیۆن کەسە، کە بەشێکی زۆریان نیازمەند نین. ئەگەرچی ئەمە بۆ پاڵپشتی لە خەڵکی کەم دەرامەتە، بەڵام بەکاربردن و هەڵاوسانی هێندێ شمەک بەرز دەکاتەوە و وائەکات نرخەکەی لە نرخی ڕاستەقینەی بازاڕ زیاتر بێت. بازاڕی ڕەش پێک دێت، چونکە نرخی شمەکی کۆپین هەرزانە و نرخی هەمان ئەو شمەکە لە بازاڕدا بەرزە، دەڵاڵ بە هەرزانتر دەیکڕێ و بە گرانتر دەیفرۆشێتەوە، واتە دەرفەتێکی باش بۆ گەندەڵی دەڕەخسێنێت. ساڵی ١٣٦٨ ئێران ٥٠ میلیۆن کەس بوو، بەڵام ٦٨ میلیۆن کۆپین لە چاپ دەدرا، کە ئەمە بە فیڕۆدانە و دەیانهەوێ بۆ ماوەیەکی کاتی ناڕەزایەتی خەڵک دابمرکێننەوە.

**•بەپێی ئامارێک کە ناوەندیی ئاماریی ڕێژیم لەم دواییانەدا بڵاوی کردەوە نرخی هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵ لە کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ٩٧دا بۆ پارێزگای سنە، ٥٧,٤٪ بووە کە دەکاتە بەرزترین نرخ لە هەموو ئێران کە ئەمە نیشان دەدات خەڵکی ئەم پارێزگایەی کوردستان ناچار بوون بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان زۆرترین تێچوو بدەن. نرخێکی وەها بەرز بۆ پارێزگایەکی وەک سنە بۆچی؟**

کوردستان ناوچەیەکی بەرهەمهێن نییە، ئەمە هۆکارە سەرەکییەکەیەتی. لە بودجەی ١٣٩٨ بەشە بودجەی پرۆژەکان و ئاوەدانکردنەوە کەم کراوەتەوە و قەد بایەخیشی پێ نەدراوە [ناوچەیەکی داگیرکراوە کە لە ڕووی ئابوورییەوە بەستراوەتەوە بە ناوەند و تاڵان و بڕۆیەکی زۆری تێدا هەیە]. لە پاڵ ئەم کێشە بنەڕەتییەدا خەڵک وەک پێویست زانیارییان لە سەر نرخی شمەک نییە و فرۆشیار فێڵیان لێدەکات، هەروەها خەڵکێکی زۆری عێراق ڕووی تێدەکەن و تا ڕادەیەک زەختی خستووەتە سەر بازاڕەکانی کوردستان، بە تایبەتی سەر کەلوپەلی خواردەمەنی. چاودێری حکوومەتیش زۆر لاوازە و فرۆشیار بە دڵی خۆی نرخ بەرز دەکاتەوە و، خەڵکیش زۆر نیگەرانن، بۆیە زیاتر شمەک (زەخیرە) دەکەن، کە نرخ بەرز دەکاتەوە.

**• ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا ڕایگەیاند کە بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لەم مانگەدا (مانگی مەی) دەگاتە ئاستی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق! بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئابووریی ئێران تاکبەرهەمییە، دۆخی ئابووریی ئێران بەرەو کوێ دەچێت؟**

کە داهاتی نەوت کەم دەبێتەوە، یەکەم شت ئەوەیە کە بوودجە کە بەپێی داهاتی نەوت ڕێک خراوە کورت دەهێنێت، واتە داهاتی حکوومەت بەشی خەرجییەکانی ناکات؛ کە بەشی خەرجییەکانی ناکات، ئەوا لێرەدا وەبەرهێنانی حکوومەت، خەرجیی پرۆژەکان و ئاوەدانکردنەوە زۆر کەم دەکاتەوە و لەوانەیە بۆ سفر کەم بێتەوە، کە ئەمە بێکاریی زیاتر دەکات. یان بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکانی قەرز لە بانکی ناوەندی دەکات واتە پارە لە چاپ بدرێت، کە ئەمەش هەڵاوسان ئەوەندەی تر بەرز دەکاتەوە. لەم دۆخەدا ئەو دوو سیاسەتە لە هەمووی بۆی ئاسانترە. بە هەر بارێکدا بیگری بێکاریی و هەڵاوسان زیاتر دەکات. لە ئێستا و لەم کەشەدا توانای ئەوەی نییە کەرتی بەرهەمهێنانی ببوژێنێتەوە، چون ئەم کەرتە لە کەشێکی تەندروست و ئارامدا دەبوژێتەوە هیچ وەبەرهێنێک لەم دۆخەدا ڕیسکی ئەوە ناکات کە پارە و سەرمایەی لە ئێراندا وەگەڕ بخات، ئەوەشی هەیە دەیکشێنێتەوە، بە هۆی سزاکانیشەوە کۆمپانیا دەرەکییەکان زۆریان کشاونەتەوە و هەر دەشکشێنەوە، بۆیە هەناردەی بەرهەمە نانەوتییەکانیش کەم دەبنەوە، هەروەها پێ ناچێت سپای پاسدارانیش لە ئێران و ناوچەکەدا دەس لە کردەوەکانی هەڵبگرێت، بۆیە دۆخی ئابووری ئێران تا دێت خراپتر دەبێ و بارگرانییەکە دەکەوێتە سەر شانی خەڵک.

**• بە گشتی کۆمەڵگەی ئێرانیش وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی تر لە سێ چین پێک دێت: چینی دەوڵەمەند کە کەمینەیەکی خۆشبژیوە، چینی مامناوەند (ناوەڕاست) و چینی هەژار کە زۆرینەی کۆمەڵگە پێک دەهێنێت. لە دۆخی ئێستادا چینی مامناوەند بچووک دەبێتەوە و دەبنە چینی هەژار. ڕای ئێوە چییە؟**

چینی مامناوەند لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا زۆر گرنگە، ڕۆڵی سەرەکی و یەکەمی هەیە لە پەرەپێدانی ئازادیی و دێموکراسی، پەرەپێدانی کاری هونەری و فەرهەنگی، لە دادپەروەری و بەها جوانەکانی کۆمەڵگەدا. لاوازی و لەناوچوونی ئەم چینە کۆمەڵگە بەرەو دوو جەمسەری زۆرینەیەکی هەژار و کەمینەیەکی زەنگین دەبات و بەرەو پۆپۆلیزم و توندوتیژی دەبات و کێشەکانی ناوخۆ قوڵتر دەکاتەوە. چینی مامناوەند لەبەرئەوەی داهاتەکەی ڕێژەیەکی نەگۆڕەی پارەیە و لە بەرامبەریدا هەڵاوسان بەرزە، ئەوا داهاتی بەشی پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ناکات و بەرەبەرە دەبێتە چینی هەژار. لەم دۆخەی ئابووریی ئێراندا ئەم چینە زیاترین زیانی پی ئەگات، لە لایەکەوە داهاتەکەی بەشی خەرجییەکانی ناکات، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی دابەزینی بەهای ریالەوە، لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا سامان و داراییەکەی بەهای لە دەست ئەدا و دەبێتە چینی هەژار. حکوومەتی ئێران بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی سالانە بە ڕێژەی ٣٠٪ خستنەڕووی پارەی زیاد کردووە و پارەی تریشی بەکارهێناوە، [نێونجی خستنەڕووی پارە لە ماوەی یەک دەیەی پێشوودا لە ئەمەریکا بە ڕێژەی ٦.٤٪ بووە]، ئەم ڕێژە زۆرەی نەختینەییە ڕێژەی هەڵاوسانی زۆر بەرز کردووەتەوە و لە ئێستا زیاترە لە ٥٠٪، کە هەر ئەمە وایکردووە ڕێژەی چینی ناوەڕاست کەم بێتەوە، چون دەرەقەدی خەرجییەکانی نایەت. وەک لە پرسیاری یەکەمدا گوترا، هەتا ڕێژەی هەژاریی ڕەها زیاتر بێت، ئەوا ئەم چینە واتە چینی مامناوەند بچووکتر دەبێتەوە.

**• داهاتووی ئێران لەبواری ئابووریدا بەرەو کوێ دەڕوات؟**

ئابووریی ئێران بە هۆی سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی و کێشەی بنەڕەتی تێیدا (وەک گەندەڵی سیستەماتیک، ناشفافیەت، لاوازی کەرتی تایبەت، بەستراوەیی بە نەوت و نفرین نەوت، حکوومەتێکی قەبە، بێکاریی زۆر، هەڵاوسانی بێهەوسار، نایەکسانی، ڕێنتخۆری، یارانە و لەکارکەوتن و لاوازی سیستمی بانکی) و لە ژێر کاریگەریی سزاکانی ئابووریدا کە تا دێت زیاتر دەبێت، ئەوا لە پێ دەکەوێت و پشتی دەشکێت. گرنگترین نیشاندەر ڕێژەی گەشەیە، کە بەپێی سندوقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی بە ڕێژەی ٣,٨ دەبێت، ئەمە بە واتای ئەوەیە نەک هەر هەلی کار ناڕەخسێت بەڵکوو کەرتی بەرهەمهێنان لاوازتر دەبێ و خەڵک زیاتر بێکار دەکات، لەو لاشەوە لەبەرئەوەی داهاتەکانی کەم بووەتەوە ئەوا دێت لە ڕێگەی بانکی ناوەندییەوە پارە لە چاپ دەدات، بەهای پارەکەی دادەبەزێ و نرخی شمەکیش هەر هەڵدەکشێت، واتە گرانی و بێکاریی پێبەپێی یەک زیاتر دەبن. لە ژێر فشاری سزاکانیشدا یەکەم شت بەهای ریاڵە کە دادەبەزێ و ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر گوزەرانی خەڵک دادەنێت، واتە شمەک گران دەبێت. ئابووریی ئێران لە داکشانەوە (Recession) چووەتە قۆناخی چەقینیی ئابووری (Depression) و بەردەوامی ئەم کێشەیە ئاکامی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیددی بەدواوە هەیە، لەوانەیە بە هەرەسهێنانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ بێت.

# ماموستا قانع، شاعێری چەوساوەکانی کوردستان



کاروان مێراوی

پاش داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان لە دوو قوناغی مێژووییدا، کە لە قۆناغی یەکەم، لە ساڵی ١٥١٨ی زایینیدا، بە سەر دوو دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا دابەش و زۆربەی خاکی کوردستان لە لایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکانەوە داگیر کرا، بە هۆی دابەشبوونی وڵاتی عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩١٦ی زایینی و دروستبوونی سێ وڵاتی تورکیە، سووریە و عێراق، جارێکی تر خاکی کوردستان بوو بە قوربانی و لە نێوان ئەو سێ وڵاتە تازە دروستکراوەشدا دابەش کرایەوە، هەر لە قۆناغی یەکەمی دابەشبوونی کوردستاندا، لە لایەن کوردەکانەوە شۆڕشگەلێکی خوێناوی و قارەمانانە بۆ بەدەستهێنانەوەی مافە بنەماییەکانی کورد و ئازادکردنی نیشتمانی داگیرکراوی کوردەکان سەری هەڵدا، کە لەو شۆڕشانەشدا ناکرێ چاوپۆشی لە ڕۆڵی کارای شاعێرانی نەتەوەیی گەلەکەمان بکەین.

یەکێک لەو شاعێرە مافخوازانەی نەتەوەکەمان کە لەم وتارەدا تیشک دەخرێتە سەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی، ماموستا "قانع"ـە کە بەردەوام لە شێعرەکانیدا بە ڕوونی هەڵوێستی نەتەوەیی گرتووە و جیا لەوەی کە بە شێعرەکانی ئامۆژگاری لاوانی کوردی کردووە کە لە بەرانبەر جەللادانی داگیرکەردا چاونەترسانە داوای مافە ڕەواکانی خۆیان و نەتەوە چەوساوەکەیان بکەن، خۆشی لە سەنگەری ئەدەب و شێعردا بەردەوام بە شێعرە نیشتمانییەکانی دژی چەوسێنەرانی نەتەوەی کورد و دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا خەبات و بەربەرەکانێی کردووە، کە بەم هۆیەوە بە شاعێری چەوساوەکانی کوردستان ناوبانگی دەرکردووە، لە درێژەی ئەم بابەتەدا زیاتر شاعێری چەوساوەکان دەناسین.

شاعێری چەوساوەکان کێ بوو؟

محەممەد کابۆلی، ناسراو بە ماموستا قانع، کوڕی "شێخ عەبدولقادر"ی شێخ سەعیدی دۆڵاشی، لە ڕێکەوتی ٢٤ی خەرمانانی ساڵی ٢٥٩٨ی کوردی بەرانبەر بە ١٢٧٧ی هەتاوی، لە گوندی "ڕیشێن"ـی سەربە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.

بەرلەوەی ماموستا قانع چاوی بە ژیان هەڵێنێت، دەرەبەگ و ئاغاواتەکانی ئەو سەردەمەی ناوچەی مەریوان، باوکی قانع (شێخ عەبدولقادر)، لە ماڵ و ژیانی خۆی لە گوندی "دۆڵاش" ئاوارە دەکەن و قانع لە ژیانێکی دژاور و دۆخێکی دەربەدەریدا لە گوندی "ڕیشێن"ـی دەوروبەری شاری مەریوان لەدایک بووە، بۆیە هەر لە سەرەتای ژیانیدا، کڵۆڵی و چەرمەسەری یەخەی قانعی بەر نەداوە؛ هەر بە ساوایی و لە تەمەنی چل ڕۆژیدا باوکی کۆچی دوایی کرد، پاش تێپەڕینی ماوەیەکی کورت و لە سەرەتای پێگرتنی قانعی ساوا، دایکیشی ماڵاوایی یەکجارەکی لە ژیان دەکات و گەورەکردنی "قانع"یش دەکەوێتە ئەستۆی مامەکانی.

قانع، ژیانی منداڵیی خۆی لە کەشوهەوایەکی ئاوارەیی و بێناز و بێکەسیدا بەسەر بردووە و هەر وەکوو خۆی باسی کردووە، ڕۆژانە لە نێو منداڵانی گەڕەکی شوێنە جیاجیاکانی ناوچەکانی دەوروبەری مەریوان و شەوانەش لە سەرتەنوور و بەرهەیوانەکاندا ژیانی بردووەتە سەر و تاکوو ماوەیەکی دووروودرێژ بەو شێوەیە ژیاوە، دواتر خزمێکی دووری خۆیەوە بە ناوی "ئاغا سەید حوسێن" و خەڵکی گوندی "چۆڕ" لە دەوروبەری شاری مەریوان، کە کەسێکی خوێندەواری ئایینیی بووە، "قانع"ـی بردووەتەوە لای خۆی و ژیانی ماموستا قانع چووەتە قوناغێکی دیکەوە.

ئاغا سەید حوسێن، لە حوجرەکەی خۆی وانە ئایینییەکانی بە قانع وتووەتەوە و فێری نووسین و خوێندنەوەی کردووە، کە ماموستا قانع پاش فێربوونی نووسین و خوێندنەوە، خۆی بە خوێندنەوەی ژیان و بەرهەمەکانی شاعێرانی پێش خۆی سەرقاڵ کردووە و جارناجارێکیش سۆزی شێعری بۆ هاتووە و دەستی کردووە بە هۆنینەوەی شێعر، ئەمەش دەبێتە سەرەتاییەک بۆ دەستپێکردنی هۆنینەوەی شێعرەکانی ماموستا قانع.

لەو سەردەمەدا کە ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانی دەگاتە کوردستان و ناوچەکانی مەریوان، بە هۆکاری ئەوەی کە لایەنێکی شەڕەکە ئایینی بووە، زۆربەی کەسایەتییە ئایینییەکانی ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەت شاری مەریوان تێکەوڵاوی ئەو شەڕە دەبن کە ماموستا "قانع"ـیش یەکێک دەبێت لەو کەسانە، بەڵام جیاوازییەک کە ماموستا قانع لە کەسایەتییەکانی تری ناوچەی مەریوان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە زۆرجار بە شێعر بەشداری شەڕەکانی کردووە و بە شێعرەکانیشی هێرشکەرەکانی لۆمە و سەرزەنشت کردووە و زۆربەی شێعرەکانیشی ئایینی دەبن و مەدحی ئایینی ئیسلام و ڕێبەرانی ئەو ئایینە دەکات.

لەو شەڕانەدا، خاڵێکی بەهێز کە سەرەنجی ئەو شاعێرە ڕادەکێشێت، زوڵم و زۆرداری داگیرکەرانی کوردستان بە سەر خەڵکی هەژار و بێدەرەتانی ناوچەکانی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتگەلێکی ناڕەوا لە ناوچەکەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە قانع بچێتە سەنگەری نیشتمان لە بەرەی ئەدەب و شێعردا و هۆنینەوەی شێعرە نیشتمانییەکانی دەست پێ کردووە.

هەر لەو سەردەمانەدا، قانعی شاعێر، جارێکی تر خولیای خوێندن دەبێتەوە و بەو مەبەستەش، ڕووی لە شارەکانی سنە، مەهاباد، شنۆ، هەولێر، کۆیە، کەرکووک، سلێمانی و ناوچەی بیارە کردووە و لە لای کەسانێکی زاناوە خوێندنی دەست پێ کردووەتەوە و پاشانیش جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ شاری مەریوان و لەوێ خوێندنی تەواو کردووە، ئاکامی سەردانی ئەو شارانەی کوردستان بۆ ماموستا قانع، جیا لە فێربوونی کولتوور و دابونەریتی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، ئەوە بووە کە لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی کوردیش ئاشنا دەبێت.

پاش ئەوەیکە تازە خوێندنی تەواو کردبوو و لە سەرەتاکانی گڕکانی بەهرە شێعرییەکانی و لە تەمەنی لاویەتیدا بوو، تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی دەبێت و نەخۆشییەکەشی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر گوشار دەخاتە سەری و لە کۆتاییشدا بە بۆنەی ئەم نەخۆشییە لە ڕێکەوتی ١٨ی بانەمەڕی ساڵی ٢٦٦٥ی کوردی بەرانبەر بە ١٣٤٤ی هەتاوی، لە گوندی "لەنگەدێ"ـی ناوچەی "شلێر"ی مەریوان، کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی "شێخ ئەوڕەحمان"ـی گوندی لەنگەدێ، بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردراوە.

هەرچەند لە زۆربەی سەرچاوە ئەدەبییەکاندا نووسراوە کە لە گوندی " کەڵۆس " لەدایک بووە، بەڵام ماموستا قانع خۆی لەمبارەوە لە شێعرێکدا وتوویەتی:

"لە ئەسڵا خەڵکی دۆڵاشم
مەیوان جێگای ئەژدادم
محەمەد کابولیم ئەمما
تەخەللوس قانعم ناوە"

لێرەدا ماموستا قانع، ئاماژە بەوە دەکات کە لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی "دۆڵاش" بووە، (واتە باب و باپیرانی خەڵکی ئەو گوندە بووە، بەڵام لە ڕاستیدا خۆی لە گوندی "ڕیشێن" لەدایک بووە.)

وێڕای ئەوەی کە ماموستا قانعی شاعێر، شاعێرێکی نەتەوەیی بوو، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شاعێرە مەزنە، ڕێزگرتن لە هەموو بیروڕا جیاوازە نیشتمانییەکانی سەردەمی خۆی بوو و دژبە هیچ کەس و لایەنێک شێعری نەنووسیوە و لە زۆربەی شێعرەکانیدا، زۆر بە جوانی بۆن و بەرامەی لادێیەکانی کوردستان، ئاوەدانی و جوانی نیشتمان، نیشتمانپەروەری و ڕەنگاڵەیەکی زەریف و ڕوون لە هەژاران و چەوساوەکانی کوردستانی داگیرکراو خۆیان تێدا دەنوێنن، زۆرجاریش لە شێعرەکانیدا لاوانی سەردەمی خۆی و تەنانەت نەوەکانی دوای خۆشی ئامۆژگاری کردووە کە سەنگەرەکانی نیشتمان دژبە داگیرکەرانی وڵاتەکەیان بگرن و لە سەر داواکاری مافە ڕەواکانیان لە هیچ کۆسپ و بەربەستێک سڵ نەکەن، کە بەم هۆکارانەشەوە چەندین جار لە لایەن داگیرکەرەکانی ئەو سەردەمەی کوردستاندا دەسبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانە دەکرێت، دیسان لە بەندیخانەشدا کۆڵ نادات و شێعری "بەندیخانە"ی نووسیوە کە لە کۆتاییی ئەو وتارەدا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز.

بەو هۆکارانەوە کە ئاماژەیان پێ کرا، سەرەڕای ئەوەی کە ماموستا قانع لە نێو خەڵکدا زۆر خۆشەویست دەبێت و لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە نازناوی شاعێری چەوساوەکانی کوردستانی پێ بەخشرا و بەو نازناوە شیرینەوە، ناوبانگی دەرکرد، پێگەیەکی بەهێز و گەورەی بۆ خۆی تۆمار کردووە کە تاکوو کوردێک بمێنێت، ئەو پێگە بەرزەی ماموستا "قانع"ـیش دەمێنێت و هەنووکەش شێعرەکانی بوونەتە وێردی سەر زمانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی منداڵان و لاوانی کورد.

شاعێری چەوساوەکان، لە تەمەنی پڕبەهرەی خۆیدا چەندین بەرهەمی لە شێعرە ڕەنگینەکانی خۆی چاپ و بڵاو کردووەتەوە کە بریتین لە: گوڵاڵەی مەریوان ـ باغچەی کوردستان ـ چوارباخی پێنجوێن ـ شاخی هەورامان و دەشتی گەرمیان، هەروەها چەند دیوانێک لە سەر ئەو شاعێرە مەزنە کۆ و چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

بەندیخانە

ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە
زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زرزڕەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرە کەن وەک زێوەری شاهانەیە
بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێ
حەڵقە حەڵقەی پێوەنم بۆ پلپڵە و لەرزانەیە
گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بەدیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابیخانەیە
بیری ئازادیم لەزیندانا فراوانتر ئەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە
گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادییە
تۆپ و شەستیر و کەلەبچە لام وەکوو ئەفسانەیە
چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگار بکا
میللەتم بۆ ئەو مەبەستە کردەوەی شێرانەیە
چەکی شۆڕشگێری من نووسین و بیرو باوەڕە
ڕاپەرینە،هەڵمەتە پڕ نەعرەتەی کوردانەیە
گەر بەئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەردانەواندن کاری نامەردانەیە
قانعم ئەمڕۆ لە زیندانا بە ئازادی ئەژیم
سەد هەزار نەحلەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:750 21 May 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوە و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی بانەمەڕی ساڵی ٩٨ی هەتاوی لە شار و ناوچەکانی کوردستانی ئێران کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران دەکات، لە خۆ دەگرێت.**





## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ئیدارەی ئیتلاعات و ناوەندە حکوومەتییەکانی دیکە:

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "عەبدولکەریم کاکۆل"، کوڕی ڕەحیم، خەڵکی گوندی "حەسەن نووران"ی شاری شنۆ، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری شنۆ کرا و لێپرسینەوەی لێکرا.

ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی بانەمەڕ، شۆڕای گوندی تەنگیسەر و دوو لاوی دیکەی خەڵکی ئەو گوندە، لیپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە گوندی تەنگیسەر، شوناسی ئەو سێ هاووڵاتییە کوردەی بە ناوەکانی "سەلمان عەبدی"، شۆڕای گوندی تەنگیسەر، "ئەیووب و ئارمان محەممەدی"، کوڕی ئەمیر، ڕاگەیاند.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "مێهدی گەنجبەخش"، بۆ پێڕاگەیشتن بە تۆمەتە وەپاڵدراوەکانی وەک: "بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست، تێکدانی بیروڕای گشتیی، پڕوپاگەندە دژی نیزام و بێڕێزی بە ڕێبەری نیزام"، دەبێت ڕۆژی شەممە، ٢٨ی بانەمەڕ، لە دادگای شاری کەلاتدا ئامادە بێت.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "محەممەد سادق ئەحمەدی‌نیا"، خەڵکی سنە، بۆ لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی ئەم شارە بانگهێشت کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، "عەلی سادقی"، چالاکی سێنفیی مامۆستایانی کرماشان بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەم شارە بانگهێشت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٩ی بانەمەڕ، "حەمید قوبادی"، یەکێک لە ناڕازییان بە قەتڵی ژنان لە مەریواندا، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەم شارە بانگهێشت کرا.

هۆکاری بانگهێشتی ئەم چالاکە کوردە، بەشداری لە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٦ی بانەمەڕە، کە لە مەریواندا بەڕێوەچوو.

### دەستبەسەرکردن

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی بانەمەڕ، چەند هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری شنۆ، لە شاخەکانی شاری پیرانشاردا، لە لایەن یەگانی حیفازەتی ئیدارەی سەرچاوە سروشتییەکانی شاری پیرانشارەوە، دەسبەسەر و ڕەوانەی پاسگای ئەو شارە کراون.

"عەلی ڕەمەزانپوور"، بەرپرسی ئیدارەی سەرچاوە سروشتییەکانی شاری پیرانشار، ڕایگەیاند: دەسبەسەرکردنی ئەو چەند کەسە، لە ڕاستای پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان و کۆنترۆڵی لەڕادەبەدەری هەڵکەندنی گیای بەهاری بووە و ئەو چەند کەسە بە چەند تەلیس گیای بەهارییەوە دەسبەسەر کراون.

ڕۆژی سێشەممە، ١٧ی بانەمەڕ، یەکێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری مەهاباد، بە ناوی "یاسر ئەمینی‌ئازەر"، خەڵکی ئەو شارە، لە لایەن مەئموورانی هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی سێشەممە، ٢١ی بانەمەڕ، هێزەکانی سپای پاسداران، ماشینی کاسبکارێکی کوردیان بە ناوی "ڕێبوار تایی"، خەڵکی شاری شنۆ، لەسەر پردی "پووشئاوێ" ڕاگرت و دواتر ناوبراویان دەسبەسەر کرد.

چەند ڕۆژ پێش، چالاکێکی ژینگەپارێزیی کورد بە ناوی "ئەحمەد خودامورادی"، کوڕی مستەفا، خەڵکی گوندی "بۆڕیەر"ی سەر بە بەخشی ناوەندیی شاری سەوڵاوا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە، ٢٨ی بانەمەڕ، "کەژوان ئازادیان"، خەڵکی گوندی "یەنگیجە"ی مەریوان، خوێندکاری زانکۆی پەیامنووری مەریوان و چالاکی ژینگەپارێزی، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە، ٢٨ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "نادر عەبدوڵڵازادە"، تەمەن ٣٦ ساڵ، کوڕی خالید، خەڵکی شاری مەریوان، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا.

مەحکووم کردن هاووڵاتییان بە زیندان

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "بێهزاد شاسواری" کوڕی میکائیل و "سیامەند شاسواری" کوڕی مستەفا، خەڵکی دزەی ناوچەی مەرگەوەڕ، لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری ورمێوە، هەر کامیان بە ٥ ساڵ زیندان مەحکووم کران.

ڕۆژی شەممە، ٢١ی بانەمەڕ، سزای یەک ساڵ زیندانیی تەعلیقی بۆ ماوەی سێ ساڵ، بە "ئێقباڵ شەعبانی"، چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری سنە ڕاگەیەندراوە. لەو پەیوەندییەدا، یەکیەتیی ئازادیی کرێکارانی ئێران، لە هەواڵێکدا باسی لە داسەپاندنی ساڵێک زیندانیی تەعزیری بە سەر "تەوفیق محەممەدی"، چالاکی کرێکاریی شاری سنە، کرد.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "سمکۆ جەعفەری"، تەمەن ٢٨ ساڵ، خەڵکی ورمێ، لە دادگای ئینقلابی ئەو شارەدا بە ٦ مانگ زیندانی مەحکووم کرا.

وەزارەتی ئیتلاعات، بە حوکمی داسەپاوی هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری پیرانشار، ناڕەزایەتیی دەربڕیوە و خوازیاری سزای زیاتر بۆ ئەو هاووڵاتییە کوردەیە.

دۆسیەی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "باپیر بەرزە"، کوڕی عوسمان، خەڵکی گوندی "چیانە"ی شاری پیرانشار، بە سکاڵای وەزارەتی ئیتلاعات، دووبارە تاوتوێ کرا.

### ڕەوانە کردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان

ڕۆژی چوارشەممە، ١٨ی بانەمەڕ، زیندانییەکی کورد بە ناوی "فەردین عەیوەزی"، کوڕی محەممەدعەلی، خەڵکی گوندی "تەنگیسەر"ی سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، بۆ بەخشی "ئیجرای ئەحکام"ی دادگای ئینقلابی ئەو شارە بانگهێشت و دواتر بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی، ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی شاری سنە کرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٢ی بانەمەڕ، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی "ئیسحاق ڕۆحی"، پاش ١٢ ڕۆژ لێپرسینەوە لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، بۆ قەرەنتینەی زیندانی ناوەندیی ئەو شارە، ڕاگوێزرا.

سێ کەس لە ناڕازییانی کوشتنی ژنان لە شاری مەریواندا، بە ناوەکانی "دیمەن فەتحی، محەممەد دانش و سوومەیە ڕوزبە"، لە لایەن دادگای ئەوە شارەوە، بە "تێکدانی نەزمی گشتی"، تاوانبار کران و بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی ئازاد کران.

### ناڕوونیی چارەنووس

مامۆستایەکی کورد بە ناوی "یاسر ئەمینی‌زادە"، کوڕی ئەحمەد، مامۆستای یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری مەهاباد، پاش چەند ڕۆژ بە سەر دەسبەسەرکرانی، هیچ زانیارییەک لەمەڕ چارەنووسی لە بەردەستدا نییە.

ڕۆژی سێشەممە، ١٧ی بانەمەڕ، ئەو مامۆستا کوردە، پاش چوونە دەرەوە لە قوتابخانە، لە لایەن مەئموورانی هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

موژگان (مایا) کشاوەرز، چالاکێکی کوردی خەڵکی شاری سنە و دانیشتووی شاری تاران، یەکێک لە ناڕەزاییانی "حیجابی زۆرەملی"، پاش گواستنەوەی لە زیندانی ژنانی قرچک، بۆ گرتنگەی وەزەرا، چارەنووسی ناڕوونە.

کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران

بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی یەکشەممە، ١٥ی بانەمەڕ، دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی "فەرزاد نووری" کوڕی فەرەیدوون و "بورهان تەربی" کوڕی عەلی، خەڵکی گوندی "ئەنبێ"، لە ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ، لە ڕووباری جێرمێ، خنکان.

ئێوارەی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٨ی بانەمەڕ، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری نەوسوودا، دەکەونە بەر دەسڕێژی گوللەی هێزەکانی سپای پاسداران و لەو پەیوەندییەدا، کۆڵبەرێک گیانی لەدەست دا.

هەواڵنێری کوردپا شوناسی ئەو کۆڵبەرەی بە ناوی "هادی مووسازادە"، تەمەن ٥٠ ساڵ، خەڵکی شاری جوانڕۆ، ڕاگەیاندووە.

ڕۆژی هەینی، ٢٠ی بانەمەڕ، کاسبکارێکی کورد، بە ناوی "ئەسعەد بۆرکە"، تەمەن ٢١ ساڵ، کوڕی سلێمان، خەڵکی گوندی "سۆغانلوو"ی شاری پیرانشار، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی شەممە، ٢١ی بانەمەڕ، کاسبکارێکی کورد بە ناوی "کەیوان ڕەزازادە"، تەمەن ٢٥ ساڵ، کوڕی ناسر بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە، گیانی لەدەست دا و کاسبکارێکی دیکەش بە ناوی "عەتا ڕەسووڵزادە"، لەو ڕووداوەدا بە سەختی بریندار بوو.

چەند ڕۆژ پێش، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە ناوچەی "بێوران"ی شاری سەردەشت کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی سپای پاسداران و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "مەحیەدین ڕەحیمی"، تەمەن ٢٩ ساڵ، کوڕی عومەر، دانیشتووی بەخشی وەزینەی شاری سەردەشت، بریندار بوو.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٢ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد لە بەرزاییەکانی "تەتە"ی هەورامان، بەربووەوە و بە سەختی بریندار بوو.

لەو پەیوەندییەدا، ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ٢٤ی بانەمەڕ، کاسبکارێکی کورد بە ناوی "ئارام زەردە شوانە"، ١٧ ساڵ کوڕی واحید، خەڵکی گوندی "گوندەوێڵە"ی شاری شنۆ، لە ڕووباری گادەردا خنکا.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٦ی بانەمەڕ، "حیسام موحیبی" کوڕی مەنسوور، دانیشتووی گەڕەکی "بەهارستانی خواروو"ی شاری سەقز، بە هۆی ڕاودوونانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، ماشینەکەی وەرگەڕا و ئەو کاسبکارە کوردە گیانی لەدەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٢٨ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "محەممەد ڕەسووڵ عەزیزی"، کوڕی محەممەدڕەشید، خەڵکی گوندی "کانی سێف"ی شاری بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٩ی بانەمەڕ، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی "ناسر (جەهانبەخش) حوسێنی‌پوور" و "موحسێن حوسێنی‌پوور"، خەڵکی شاری پیرانشار، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی نیزامییانی حکوومەت، بریندار بوون.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم دوو کۆڵبەرە کە باوک و کوڕن، لە "سێلوێ"ی پیرانشاردا، تەقەیان لێ کراوە.

### ئێعدام کردنی هاووڵاتییانی کورد

ڕۆژی شەممە، ١٤ی بانەمەڕ، زیندانییەکی کورد بە ناوی "شاهین سەمەدی"، تەمەن ٣٥ ساڵ، خەڵکی شاری نەغەدە، لە زیندانی ناوەندیی شاری مەراغە لە سێدارە درا.

ئەو هاووڵاتییە کوردە، لە ساڵی ٩٤ی هەتاویدا، بە تۆمەتی کوشتنی بەئەنقەستی "حامید ڕەزایی‌پوور"، لە لایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێرانەوە، حوکمی قەساسی بە سەردا سەپێندرابوو.

کوژران و برینداربوونی هاووڵاتییان بە تەقینەوەی مین

سەر لە بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٢٤ی بانەمەڕ، لاوێکی بانەیی بە ناوی "شاهۆ سپایی"، تەمەن ٢٠ ساڵ، کوڕی تۆفیق، خەڵکی شاری بانە، بە هۆی تەقینەوەی مین گیانی لەدەست دا و لاوێکی دیکە بە سەختی لەو ڕووداوەدا بریندار بوو.

### خۆکوژیی ژنان و پیاوان لە کوردستان

ڕۆژی شەممە، ١٤ی بانەمەڕ، ژنێکی خەڵکی سەردەشت بە ناوی "شادی ڕەشیدی"، کچی عەلی، خەڵکی "دۆڵگەرم"، دەستی دایە خۆکوژی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی بانەمەڕ، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٦ ساڵ، خەڵکی شاری ڕەبەت، سەر بە شاری سەردەشت، بە چەکی ڕاو دەستی دایە خۆکوژی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی بانەمەڕ، ژنێکی تەمەن ٣٣ ساڵ بە ناوی "مریەم ئەحمەدپوور"، خەڵکی شاری سونقور و کولیایی، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی شەممە، ١٤ی بانەمەڕ، ژنە هاووڵاتییەکی دیکەی کورد، خەڵکی شاری سایندقەڵا، بە ناوی "فەریدە نەسیری" تەمەن ٤٨ ساڵ، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە دەستی دایە خۆکوژی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی هەینی، ٢٠ی بانەمەڕ، پیاوێکی تەمەن ٣٨ ساڵەی خەڵکی شاری سەقز، بە ناوی "حەسەن مەحموودی"، دانیشتووی گەڕەکی ١١ی گوڵانی ئەو شارە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "پرشنگ ساڵحیە"، تەمەن ٤٠ ساڵ، خەڵکی شاری پیرانشار، بە هۆی هەژاری و دەسکورتییەوە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەست دا.

ئەو ژنە هاووڵاتییە کوردە، ١٠ ڕۆژ پێش، هەوڵی خۆسووتاندنی داوە و بە هۆی ڕێژەی سووتاوی و برینەکەیەوە، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی بانەمەڕ، گیانی لەدەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە، ٢٤ی بانەمەڕ، ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "ئیلهام مورادی"، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە

. ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی بانەمەڕ، ژنێکی کورد بە ناوی "زینەت کەریمی"، ٢٦ ساڵە، خەڵکی کرماشان، دەستی دایە خۆکوژی و گیانی لەدەست دا.

ئەم ژنە بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، بە خواردنی حەب، خۆی کوشتووە.

لە ماوەی ئەم دوو حەوتوویەدا، ٢١ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ ڕوویداوە کە بریتین لە ٧ هاووڵاتیی بانگهێشت بۆ ئیدارەی ئیتلاعات، ٥ هاووڵاتی دەسبەسەر، برینەوەی زیندان بە چوار هاووڵاتییە سەرجەم ١٤/٦، هەروەها ڕەوانە کردنی دوو هاووڵاتیی بۆ زیندان و ناڕوونی چارەنووسی دوو هاووڵاتیی دیکە کورد.

هەروەها، لەم ماوەیەدا، ١٣ کاسبکار و کۆڵبەری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان، وەرگەرانی ماشین و خنکان لە ئاودا، گیانیان لە دەست داوە. لە کۆی ئەو ١٣ کەسە، خنکان لە ئاو ٣ کەس، تەقەی هێزە نیزامییەکان، کە بوو بە هۆی گیان لە دەستدانی ٤ کەس و ٤ کەسی دیکەش بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بریندار بوون و کەسێکی دیکەش بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی تەتە، بریندار ببوو.

هەروەها لەو ماوەیەدا، ٨ ژن و پیاو و لاوێک لە کوردستان بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی، دەسکورتی و بنەماڵەیی کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە و لە کۆی ئەو ٨ کەسە، ٦ ژن، پیاوێک و لاوێک، کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.

سەرجەم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دوو حەتووی ڕابردوودا، بە پێی ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ٤٣ حاڵەتی پێشێلکاری مافی مرۆڤ تۆمار کراوە.